# ڕەنگدانەوەی کلتووری کورد لە ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە)ی (بەڵێن تۆفیق)دا

(PP 124 - 144)

**ID No. 1848**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.4.7

**کەیفی ئەحمەد عبدالقادر** **کوردستان صالح عزیز**

زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە – بەشی زمانی کوردی

Kaify.ah70@yahoo.com

**وەگـــــرتن: 2017/11/22**

**پەسندکردن: 2018/02/27**

**بڵاوکردنەوە: 2018/09/10**

## پێشەکی

ڕۆمان گێڕانەوەی ڕوداوێکی چیرۆکئامێزی درێژی دروستکراو و خەیاڵی یان مێژوویی و ڕاستەقینەیە، کە تێکەڵ بە هەست و سۆزو خەیاڵ دەکرێت و دەگێڕدرێتەوە، لە دووتوێی کتێبدا دەخرێتەڕوو، لە چەند توخمێك پێکدێت، کە(کات، شوێن، کاراکتەر، ڕوداو) و لە ڕێگای گێڕانەوەوە بنیاتدەنرێن. ئەمانە بەیەکەوە ڕۆمان پێکدەهێنن، هەرچەندە ناتوانرێت یەك پێناسەی تایبەتی و جێگیر بۆ ڕۆمان دابنرێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمان یەك جۆری نییە و چەندین جۆری وەکو ڕۆمانی: واقیعی، مێژوویی، خەیاڵی زانستی، ڕەمزیی و...هتد هەیە، هەروەها (کلتوور)یش پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، چەند بەش و لایەنێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت و لەنێو یەکدا تواونەتەوە و تێکەڵی یەکدی بوونە.

هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆمانەکە تەژییە لە کلتوور و بابەتەکەش سوودی لە کلتووری نەتەوەکەمان وەرگرتووە. سنووری لێکۆڵینەوەکەش دیاریکراوە لەرووی سەرچاوە و بابەتەوە، باس لە ڕۆمانێکی دیاریکراو دەکات وەك سەرچاوە، بابەتەکەش تەنها خستنەڕووی ڕەنگدانەوەی کلتوورە لەنێو ئەو ڕۆمانەدا.

دیارە هەموو لێکۆڵینەوەیەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەوەدایە، کە زیاتر چاومان لەسەر کلتووری نەتەوەکەمان بێت، چونکە خەریکە کلتوورو کەلەپوری نەتەوەکەمان دەپوکێتەوە و لەنێو دەچێت، هەندێکی دیکەشیان بایەخیان کەم دەبێتەوە، جا بۆ پاراستن و لەنێو نەچونیان، پێویستە پارێزگاریان لێ بکەین و بە گرنگییەوە لێیان بڕوانین، باشترین ڕێگەش بۆ پاراستنیان ناساندن و لەسەر نوسینیانە، هەروەها زیندوکردنەوە و ناساندنێتی بە نەوەی نوێ.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە، کە ڕەنگدانەوەی کلتووری کوردەواریی لەنێو ئەم ڕۆمانەدا بخرێتەڕوو، کە نووسەر سوودی لێوەرگرتووە و لەنێو ڕووداوە جیاوازەکاندا مەزراندوویەتی. هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەستووە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بەسەر (دوو)بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم: کلتوور و کۆمەڵگە و ئەدەب، پێکدێت لە (چوار) باس ئەوانیش بریتین: لە ( باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی کلتوور، باسی دووەم: سەرهەڵدانی کلتوور لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی کلتوور لە ئەدەب بە گشتی و لە ڕۆمان بە تایبەتی، باسی چوارەم: بایەخ و گرنگی کلتووری کورد، بەشی دووەمیش: ڕەنگدانەوەی کلتوور لە ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە)دا، دابەشدەبێت بۆسەر (پێنج) باس، ئەوانیش بریتین لە: (باسی یەکەم: ڕەنگدانەوەی کلتووری ماددیی، باسی دووەم: ڕووداو و شوێنی مێژوویی، باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینیان و حیکایەتی میللی و گاڵتەوگەپ، باسی چوارەم: ڕەنگدانەوەی ئەفسانەو خورافیات، باسی پێنجەم: ڕەنگدانەوەی هەندێك لەداب و نەریتی کوردەواریی، لە کۆتایدا گرنگترین ئەنجام و ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: کلتوور و کۆمەڵگە و ئەدەب

### باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی کلتوور

ئەگەر بمانەوێت لە چەمك و پێناسەی کلتوور وردببینەوە، ئەوا دەبێت لەچەند ڕوانگەو دیدی جیاوازەوە بڕوانینە وشە و چەمکی کلتوور، چونکە کلتوور بوارێکی فراوان لەخۆ دەگرێت، (تایلۆر) پێیوایە، کە ((کلتوور ڕەگەزە نامادییەکان لەخۆ دەگرێت )) (ئەحمەد، 2015: 31). بەپێی بیروڕای (تایلۆر) کلتوور پێکهاتووە لە شتە نامادییەکان، کە ئەوانیش بریتین لە (مەعریفە، بیروباوەڕ،

هونەر، ئاکار، یاسا، داب و نەریت، ئایدیاکان، زمان)، دیارە ئەوە بیروڕای کەسێکە و نابێت بە رەهایی وەربگیرێت، چونکە کەسانی دیکە رای پێچەوانەی ئەو رایەیان هەیە و پێیان وایە، کە کلتوور بواری ماددیی و ناماددیی دەگرێتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین: کلتوور پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، چەندین لایەنی جیاواز لە خۆدەگرێت و لەنێویدا تواونەتەوە و تێکەڵ بەیەکتری بوونە، بەڵام ئێمە نابێت تەنیا گرنگی بەلایەنی ناماددییەکان بدەین، چونکە کلتوور تەنیا لایەنی ناماددیی ناگرێتەوە، بەڵکو مادییەتیش ئامادەیی لەنێو کلتووردا هەیە، وەك لایەنێکی گرنگ بەشداری دەکات، کەواتە بە هەردوو بەشی ماددیی و مەعنەوی کلتوور تەواودەکەن، چونکە کلتوور پەیوەندییەکی بەهێزو توندوتۆڵی بە کۆمەڵگەوە هەیە، بەمشێوەیە((کلتوور تۆڕێکی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا رێکدەخات، بەپێی پێوەرە رەفتارییەکان، بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە بتوانێت هاوسەنگی ئەندامەکانی و کلتوورەکەی هاوسەنگ بکات ئەوا پێویست دەکات رۆبچێتە ناو پێکهاتە کلتوورییەکان و چەسپاندنی هەریەکە لەو پێکهاتە کلتوورییانە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵدا، کە هەر یەکەیان کاریگەریی هەیە لە بە کلتوور بوونی کۆمەڵەکەدا و بەستنەوەی کلتوور و کۆمەڵ)) (کوردی، 2013: 112) بەیەکتری، کەواتە کلتوور بریتییە لە هەموو هێزە بەدەستهاتووەکانی مرۆڤ، واتە دەکرێت بڵێین، کلتوور ئەو هێزە حەشاردراوەیە، کە لەپشت ئاکارو رەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگەوەیە، رەفتارەکانی هەر مرۆڤێك ڕەنگدانەوەی کلتوورەکەیەتی، بەمشێوەیە کلتوور و کۆمەڵگە هەمیشە بە یەکەوە دروستدەبن، هیچ یەکێکیان بێ ئەوی دیکە دروستنابێت و بە یەکەوە پەیوەست و گرێدراون، ئەو قۆناغە مێژووییەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێیدا گوزەر دەکات، جا بەهەر دوو لایەنی ماددیی و ناماددی بۆ ئەم کۆمەڵگەیە دەبنە کلتوور، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کلتوور سەرجەم پێداویستییە ماددیی و ناماددییەکان کە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان بەردەوام بێت و بگونجێت و بە شێوەیەکی وەرگیراو یان سەپێنراو لەکۆمەڵگەدا بوونیان هەیە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگوازرێتەوە، زمانیش سەرەکیترین ئامرازی کلتوورە، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا لە دەستکەوتەکانی نەوەی پێشو تێبگات.

**باسی دووەم: سەرهەڵدانی کلتوور لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا**

لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی دەرکەوتنی مرۆڤ و هەوڵدانی لەپێناو ژیان و مانەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا، ئەو کاتە چ بە تەنیا و چ بە کۆمەڵ، توانیویانە کلتوورێکی ڕەسەن بنیاتبنێن و لەدوای خۆیان بەجێیبهێڵن، مرۆڤی نەوەی دوای ئەوانیش ئەم کلتوورەیان پاراستووە و هاوشانی کلتووری ئەوانیش تێکەڵ بەکلتووری نەوەی پێش ئەوان و ئەوەی خۆشیان بۆ نەوەی دواتر ماوەتەوە، کەواتە بەم شێوەیە نەوە بۆ نەوە کلتوورەکان ماونەتەوە، واتە لە سەردەمانی زووەوە تاکو ئێستاش بۆ ئێمە ماوەتەوە، کەواتە ((هەر میللەتێك داب و نەریتی خۆی هەیە و لەسەر هەندێ ڕێ و شوێن دەڕوا و دەست بەرداری نابێت)) (گەردی، 2004: 330). ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمانی سەرەتاکانی پەیدابوونی مرۆڤ و چاوێك بە ژیانی سەردەمانی کۆن و کلتووری مرۆڤی ئەو سەردەمەو ژیان و گوزەرانی لە چاخەکۆنەکان بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت، کە لەسەرەتادا لە ئەشکەوتەکاندا ژیانیان بەسەربردووە و خۆیان لە سەرجەم مەترسییەکان کە ڕووبەڕویان دەبۆوە پاراستووە، لەلایەن زانایانی شارەزاو پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە، لەکاتی گەڕان و دۆزینەوەی ئەو شوێنانە بۆیان دەرکەوتووە، کە مرۆڤی ئەو سەردەمە چەندین داب و نەریت و کلتووری تایبەت بەخۆیان هەبووە، لەوانە چۆنیەتی ناشتنی مردووەکان، واتە کاتێك یەکێك لەو مرۆڤانەی کە لە ئەشکەوت ژیاوە، بەهەر ڕوداوێك بووبێت مردووە، لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری بوونە لەنێو ئەشکەوتەکە بە باشترین شێوە بەخاکیان سپاردووە، چواردەوری گۆڕەکە بەبەرد ڕێکخراوە، بۆ ئەوەی سنوری گۆڕەکە دیاربێت، لەهەمان کاتیش بۆ ئەوەی جەستەی مردووەکە لە لەنێو چون بپارێزن، کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو داب و داستور و رێ و شوێنانە بوونەتە مایەی ((پاراستن و ئارامگرتن بۆ کۆمەڵێك مرۆڤ لە دۆخێکی تایبەتی و کاتیدا، یان لە مێژوویەکی دیاریکراودا، ئەم شوێنە لە ویژدانی ئەو کۆمەڵە کەسەدا بە زیندوویتی دەمێنێتەوە)) (محمد ساڵح، 2011: 76)، ئەم هەڵچنراوە و چەندانی دیکە لەلایەن ئەو شوێنەوارناسانەوە تۆمارکراون، ئەمەیە کلتووری ڕەسەن، تا ئەمڕۆش لە لاپەڕەی مێژوودا تۆمارکراون، ڕەنگە ئەم ڕێگاو شێوازەی کە ئێستاش جێبەجێ دەکریت بۆ ناشتنی مردووەکان، هەمان ئەو ڕێگاو شێوازەبێت، کە لەکۆندا پەیڕەوکراوە، بەڵام پەرەی پێدراوەو لەگەڵ سەردەمی ئێستادا گونجاندویانە لە هەندێك شوێن ڕێ و شوێنی ئایینی لەگەڵ بەکاردێت، کە ئاشنای ئایین بونە، کەواتە دەتوانین بڵێین، سودێکی دیکەی کلتوور ئەوەیە، کە ئەو کلتوورو داب و نەریتانەی، کە بۆمان دەمێنێتەوە سودی لێوەردەگیرێت، لە سەردەمانی دواتر لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەی کە تیایدا دەژین پەرەی پێدەدرێت، جگە لەمانە بەگەڕانەوە بۆ ڕابردووی مرۆڤی سەردەمانی زوو، بەهۆی ئەو کلتوورە ماددیی و مەعنەوییەی کە لەدوای خۆیان جێیان هێشتووە، ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە ((ژینگە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر خودی ئەدیب و بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەیە لە شێوازی دەربڕین و وشەو زاراوە و وێنەو...تاد دەکات)) (قادر،

2011: 76)، بۆ نمونە، مرۆڤ لەسەردەمانی کۆندا بۆ مانەوە لەژیان هەوڵی پەیداکردنی خۆراکی داوەو بەشوێن خۆراکدا گەڕاوە، ئەو ئامێرو کەلوپەلە تیژ و بڕەرانەی که لەو بوارەدا بەکاریهێناون، بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵ و بەدەستهێنانی خۆراك، شوێنەواری ئەمانەش لە ئەشکەوتەکان بەجێماون، ئەمانە بەڵگەن لەسەر سەرهەڵدانی کلتوور بەپێی قۆناغەکانی ژیان، لەگەڵ گۆڕانی ژیان، ئەمانەش گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بەپێی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی قۆناغەکانی مرۆڤ، وردە وردە ئەو ئامێرو کەرەستەو کەلوپەلانە بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، چونکە مرۆڤ تا دەهات پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی بەرەو زیادبوون دەچوو، بۆیە بیری مرۆڤ تاڕادەیەك فراوانتر بووە، گۆڕانکاریی بەسەر پێداویستییەکانی هێناوە، هەوڵیدەدا ئەو کەلوپەلانەی، کە بەکاریدەهێنێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانیدا بیگونجێنێت، مرۆڤ لە پێشدا تەنیا بیری لە تێرکردنی خۆی دەکردەوە، بۆ ئەوەی خۆی لە برسییەتی بپارێزێت، بەڵام دواتر بیری لە داپۆشینی جەستەی کردەوە، لەگەڵ ئەوەی ئاژەڵی وەك خۆراکێکی سەرەکی بەکارهێناوە، سودیشی لە پێستەو خوریەکەشی وەرگرتووە، وەك جلوبەرگ بەکاریهێناوە، چونکە((دوای تێپەڕ بوونی رۆژگارێکی دوورودرێژ لە بەکار هێنانی پێستەی خۆشکراوی ئاژەڵ و کوڵك و پووش و گەڵای دارودرەخت، مرۆڤ توانی بە دەست و پەنجەی خۆی کاڵا بچنێت و بیکات بە پۆشاك)) شەورۆ، 2017: 11)، لەمەوە دەردەکەوێت، کە سەرەتای پەیدابوونی پۆشینی جلوبەرگ بۆ ئەو کات و سەردەمانی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە پۆشاك لەسەرەتاوە چۆن بووە و بە چ شێوازێك بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی ((لەسەرەتادا ئەو پۆشاکە هەر دوو پارچە کاڵا بووە، یەکیان بۆ داپۆشینی بەشی سەرەوەی جەستە و ئەوی دیکەش بۆ داپۆشینی خوارەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارە و شێواز و ڕەنگ و ڕەگەزی پۆشاکپۆشەکە، لە نێر و مێ)) ( شەورۆ، 2017: 11،12)، جگە لەمانە مرۆڤ بیری فراوانتر بووە، بەتێپەڕبوونی کات بیری لە شوێنی نیشتەجێبوون کردۆتەوە، لەسەرەتادا لە ئەشکەوتەکان هاتنە دەرەوەو ڕویانکردە دەشت و دۆڵەکان، بەڵام درێژەدان بە ژیان لە دەشتەکان زۆر گونجاو نەبووە، چونکە نەیاندەتوانی خۆیان لە ئاژەڵی دڕندە بپارێزن، هەر ئەو هۆیەش بوو، کە ژیان لەم شوێنانەدا گونجاو نەبووە، بۆیە مرۆڤ بیری لە دروستکردنی خانوو و ماڵ کردەوە، بۆ حەوانەوەو خۆپاراستن لە ئاژەڵ و دڕندەو ئەو ئاژەڵانەی، کە زیانی پێدەگەیاندن، لە هەمانکاتدا بۆ خۆپاراستن لە سەرماو گەرما، شیاوترین شوێن کە بەبیریاندا هات دروستکردنی خانو بوو، کەواتە لەڕێگەی ئەو کەلوپەلانەی کە بەجێماون، بۆمان دەردەکەوێت، کە لەو سەردەمەدا مرۆڤ چۆن و بەچ شێوازێك ژیاوە، دواتر بەرە بەرە مرۆڤ پێشکەوت و بیری لە دروستکردنی چەندین شتی جیاواز کردەوە، کە بۆ ئەو سەردەمە داهێنان بووە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بۆنمونە: مرۆڤ دەستیکرد بە دروستکردنی هەرەمەکان، کە((نزیکەی 3000 ساڵ پێش زاین، یەکێك لە فیرعەونەکان کە لە مەمفیس دەژیا دەستی بە دروستکردنی گۆڕەکان کرد کە ناویان " هەرەمەکان"ە، ئەم هەرەمانەیان لە نزیك رووباری نیلەوە دروست کردووە)) (هارتمان، 2009:53)، بنیادنانی ئەو هەرەمانە کارێکی گرنگ بووە بۆ ئەو سەردەمە، کە مرۆڤی ئەو سەردەمەی تێدا ژیاوە، ئەگەر لە ڕێگەی پاشماوەی ئەو هەرەمانەوە سەرنج بدەین، دەستڕەنگینی و لێهاتویی و بیر فراوانی مرۆڤی ئەو کاتمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە تەکنەلۆژیا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووە، هەروەها ئامێری پێشکەوتوو لە بواری بیناسازیدا نەبووە، کەچی هەرەمەکانیان بەشێوەیەکی وا دروستکردووە تەنانەت مرۆڤی سەردەمی ئێستاش پێی سەرسامە، کەرەستەی سەرەکی بۆ دروستکردنی ئەو هەرەمانە (بەرد) بووە، کە (( ئەم گۆڕە گەورانە لە بەردە یەکپارچەکان دروستکراوە کە کێشی هەر یەکێکیان لەوانەیە بگاتە چەند تەنێك، نووسەرێکی کۆن لەم بارەیەوە نووسیویەتی کە سەدان هەزار کرێکار کە زۆربەیان بەندەبوون. بیست ساڵی تەواو کاریان کرد تاوەکو ئەویان دروستکرد)) ( هارتمان، 2009: 53)) وەك دەردەکەوێت قەبارەی بەردەکان زۆر گەورە و گران بوونە، کەچی لەگەڵ ئەوەی هۆکاری گواستنەوە بەمشێوەیە نەبووە، ئەوان هەوڵیانداوە بە هێزی بازوو و ئامێری گواستنەوەی زۆر سەرەتایی ئەو بەردانەیان بۆ ئەو شوێنە هێناون، کە (( بەهۆی تایەی بەردینی خولاوەوە هەڵدەگرت بۆ کەناری رووباری نیل و پاشان دەیان کردنە سەر تەختە پانە گەورەکان کە بەهۆی پێستە هەڵئاوساوەکانی گیاندارانەوە بەسەر ئاوەکەوە دەمانەوە، بەدرێژایی رووبارەکە دەیانهێنایە جوڵە لە دوای گەیشتنیان بە کەنارەکە بلۆکە بەردینەکانیان دادەگرتە سەر گالیسکەکان)) ( هارتمان، 2009: 54)، هەر ئەم شێوە کارکردنەشە بوەتە هۆی سەرنجڕاکێشانی نەوەی نوێ بە کارەکانی مرۆڤی سەردەمانی کۆن. ئەگەر سەیری ڕابردووی مرۆڤایەتی بکەین، هەمیشە مرۆڤ بە شوێن مانەوە لە ژیان و نەمریدا گەڕاوە، ڕوداوە مێژووییەکانیش ئەمەیان پشتڕاستکردۆتەوە، تەنانەت لە ئەدەب و ئەفسانەکانیشدا ئاماژە بەم بابەتە کراوە، چونکە ((وەك دەردەکەوێت ئەفسانە بەرهەمی لێکدانەوەی مرۆڤە بۆ شیکردنەوەی دیاردە بەرچاو و سروشتییەکان)) (حەسەن، 2007: 86) مرۆڤی سەردەمانی کۆنیش حەزیان بەمانەوە لەژیاندا کردووە، هەر بۆیە، دوای بێ ئومێدبوون لە مانەوەی هەتاهەتایی لە ژیاندا، پەنای بردووە بۆ مانەوەی جەستە لە دوای مردن، پێیان وابوو کە((رۆحی مرۆڤ لە دوای ژیانێکی کورتی سەر زەوی، عەوداڵی ژیانی هەمیشەیی دەبێت، بیریان لەوە کردەوە کە رۆح زۆرجار خوازیارە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ لەشی مردووەکە)) (هارتمان، 2009:49)

هەر بۆیە بیریان لە (مۆمیا) كردەوە، بۆ لەنێو نەچوونی جەستە دوای كۆتایی هاتنی ژیان و مانەوە و تێكنەچونی، لەسەردەمانی كۆندا پاشاو كەسە ئایینییەكان دەستێكی باڵایان هەبووە لەنێو كۆمەڵگەی ئەو سەردەمدا، هەر بۆیەش دوای مردنیان لاشەكانیان مۆمیاكردووە بۆ ئەوەی لەنێو نەچن و پارێزراو بن، لەلایەن كەسانی نزیك خۆی و دارودەستەكەیەوە، تەواوی جەستەكەیان(مۆمیا) كردووە، بەمشێوەیە (( كاتێك كە كەسێك دەمرد بە كەرەستەكان جەستەی مردووەكەیان دەپاراست و پاشان دەیانپێچایەوە بە تاڵە كەتانە تێكەڵ كراوەكان بە مۆم و دەرمان. ئەو جەستەیەی كە بەم شێوەیەی لێ دەكرا پێیان دەوت (مۆمیا) جەستە مۆمیاكراوەكەیان دەخستە تابوتێكەوە كە بە ئەندازەی جەستەكە دروستیان دەكرد و ئەوەیان بە ڕەنگە جوانەكان دەنەخشاند و دەیان ڕازاندەوە)) (هارتمان، 2009: 49)، تەواوی ئەم كارانەی كە لە سەردەمانی كۆندا كراون، بوونەتە جێگەی تێڕامان، تاكو ئەم سەردەمەش، كە سەردەمی پێشكەوتن و شارستانییەتە، نەیانتوانیوە پەی بەو نهێنیانە بەرن، كە مرۆڤی سەردەمانی كۆن بەكاریانهێناوە بۆ هەندێ لە كارەكانیان بۆ نموونە مۆمیاكردن، كەواتە لە تەواوی ئەو كارو كردەوەو كەلوپەل و پێداویستییانەی، كە بۆمان ماوەتەوە، لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤەوە، تاكو سەردەمی ئێستا، چۆنیەتی ژیان و گوزەران و بیرو باوەڕی قۆناغەكانی مرۆڤمان بۆ دەردەكەوێت، كە چۆن و بەچ شێوازێك ژیاون، لە ڕێگەی ئەمانەی كە باسمان لێوە كردن، سەرهەڵدانی كلتوورمان بۆدەردەكەوێت، لەسەرجەم قۆناغە مێژووییەكانی مرۆڤ، كە مێژووی مرۆڤایەتی پێیدا گوزەری كردووە.

**باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی كلتوور لە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی**

ئەگەر پەیوەندی كلتوور بە ئەدەب و ڕوون بكەینەوە، دەبینین، كە كلتوور پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبەوە هەیە، چونكە هیچ میللەتێكی سەر ڕوی زەوی نییە، كە خاوەن گەنجینەیەكی كلتووری بەجێماوی تایبەت بەخۆی نەبێت، بێگومان ئەو كلتوورە بۆتە هەوێن و پێوەری پێشكەوتن و گوزارشتكردن لە جۆری ژیانی ئەو میللەتەو ئاستی پێشكەوتنی لایەنی كلتووریی و ژیارییەوە، جا بۆ شارەزابوون و ناسینی خودی خۆی و نەتەوەكەی پێویستە كلتوورەكەی خۆی بناسێت و پێی ئاشنا بێت، هەرچەند بیەوێت خۆی لەو كلتوورە بدزێتەوە، بەڵام ناتوانێت، چونكە ناتوانێت بەبێ ئەو ((كلتوورە هەڵسوكەوت بكات، كە نەوەكانی پێشتری كۆمەڵ بە دیارییەكی زۆر جوان بۆیان جێ هێشتووین هەروەها پڕیەتی لە بەها پڕیەتی لە چوارچێوەیەكی واقیعی ژیان پڕیەتی لە ئەزموون)) (كوردی، 2013: 108)، هەر ئەو هۆیەش وایكردووە، كە میللەتان بە گشتی پارێزگاری لە سامانی میللی بكەن و لەفەوتان و لەنێو چون بیپارێزن، ئەمەش بەوە دەبێت بەرەبەرە ئەو سامانە تۆماربكرێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، كە ئەدەبی نوسراو سەرهەڵبدات، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو دەبینین، كە لەسەرەتادا ئەو بەرهەمانەی هەبوون تەنیا بەشێوەی زارەكی بوون، واتە بەرهەمەكان نەدەنوسرانەوە، دواتر ئەم بەرهەمانە بۆ ئەوە لەنێو نەچن دەبوو تۆماربكرێن، لە پاشان ئەدەبیات بەشێوەی نوسراو پەیدابوو، كەواتە ئەدەبی میللی هۆیەكی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی نوسراو، چونكە مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبیی میللی كۆنترە لە ئەدەبی نوسراو، لەمبارەیەوە (سابیر ڕەشید) دەڵێت: ((میللەتانی هەموودنیا چیرۆكێكی نوسراوی خۆیان هەیە لەسەر بنچینەی فۆلكلۆرەوە بنیات نراوە، كە هەقایەتی میللی بووە)) (حەسەن، 2012: 49). كەواتە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە بەبێ هیچ گومانێك كلتووری میللی و ئەدەب پەیوەندیەكی توندوتۆڵیان لە نێواندا هەیە و ئەمەش بەڕونی دیارە، ڕۆمانیش وەكو جۆرێكی گرنگی ئەدەب لەو دیاردەیە بێبەش نییە و پشكێكی گەورەی بەردەكەوێت، واتە ڕەنكدانەوەی كلتووری نەتەوەیی لەنێو ڕووداو و توخمەكانی دیكەی ڕۆمان پشكی گەورەی بەردەكەوێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو جۆرێكی تایبەت و سەربەخۆی ڕۆمانمان هەیە، كە پێی دەوترێت ڕۆمانی مێژوویی، كە زیاتر خۆی لە قەرەی ڕووداوە مێژووییەكانی مرۆڤایەتی دەدات و وەكو بەشێكی كلتووری مرۆڤایەتیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات و تۆماریان دەكات، كەواتە (ڕۆمانی مێژوویی دەمانبات بۆ كات و جێگای مێژووی دوور لە كاتی نووسینی ناوەڕۆكی ڕۆمانەكە لە ئێستادا) (صیداوي، 2008: 98)، ئەو گەرانەوەیەش تەنها بۆ جوانكردنی بابەتەكە نییە، چونكە((ڕۆمانی مێژوویی بەسەرهاتی قارەمانانی ڕۆژگارانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە)) (تراویك، 2008: 138). بەو پێیە كاتێ ژیان و بەسەرهاتی پاڵەوانان تۆمار دەكرێت، هەموو ژیان و كلتووری ئەو كەسێتییانە دەخرێتەڕوو، كە خۆی لە خۆیدا كلتوورە یان بەشێكە لە كلتوور، ئەم جۆرە ئەدەبە تەنها سوودی بۆ كلتووری مرۆڤایەتی و نەتەوەیی نییە، بەڵكو سوودی بۆ خودی مێژووش هەیە، چونكە ((بەدەر لەوەی كە ڕۆمان دەتوانێت بەهۆی ئەو وردەكارییانەی لە گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتە تایبەت و شاردراوەكانەوە دەیخاتەڕوو، ئەو كەلێنانەی كە مێژوو بەجێیهێشتوون پڕبكاتەوە، لە تواناشیدایە ببێتە سەرچاوەیەكی بەسوود بۆ تێگەیشتن و توێژینەوە لە هەندێك دابونەریت و تایبەتمەندی تاكەكان و سەرەنجام و كۆمەڵ و نەتەوە)) (محەمەد، 2009: 55)، ئەگەر بێین باس لە ڕۆڵی كلتوور بكەین و ڕەنگدانەوەی لەنێو ڕۆماندا بخەینەڕوو، ئەوە پێویستە سەرەتا بزانین، كە ڕۆمان: بریتییە لە ڕووداوێكی چیرۆكئامێزی درێژ، واتە گێڕانەوەی ڕوداوێك، كە تێكەڵ بەخەیاڵ دەكرێت و دەگێڕدرێتەوە، لە پاشان لە دووتوێی كتێبێكدا

دەخرێتەڕوو، وەك ئاشكرایە ڕۆمان لە چەند توخمێك پێكدێت، كە(كات، شوێن، كاراكتەر، گێڕانەوە، ڕوداو)ن، ئەمانە هەمویان بە یەكەوە ڕۆمان پێكدەهێنن، ئەگەر باس لە ڕەنگدانەوەی كلتووری كورد و ڕەنگدانەوەی لەنێو ڕۆماندا بكەین، دەبینین میللەتی كوردیش وەك میللەتانی دیكە خاوەن كلتووری تایبەت بەخۆیەتی، ئەو ڕوداوانەی، كە بەسەریدا هاتووە گێڕاوەتیەوە، بە تێپەڕبوونی كات ئەمە لە سەرزاری خەڵكی ماوەتەوە، واتە ڕوداوەكە بوێنێكی واقیعی هەبووە، چونكە ((لایەنێكی گرنگی ڕۆمانی مێژوویی ئەوەیە، كە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداو و زەمەن و كارەكتەرە واقیعیانەدا دەكات كە هەبوون، بەڵام بە دیدێكی جیاواز و نوێوە)) (مونیف، 2006: 79). هۆكاری پەنابردن و بەكارهێنانی ئەو ڕووداوە مێژوویی و كلتووریانە لەلایەن نووسەر گرنگ نییە، كە ئەم ڕوداوە كاری تێكردووە، یان شتێكی دیكەی لەپشتە، جا ڕوداوەكە (سیاسی، كۆمەڵایەتی و ئابوری،...هتد) بێت، هەر یەكێك لەم ڕوداوانە كاردەكاتە سەر نووسەر، نووسەریش زیرەكانە ڕوداوەكە تێكەڵ بە كۆمەڵێك خەیاڵ دەكات و چیرۆكێكی جوانی لێ بەرهەم دەهێنێت، هاوشان لەگەڵ ئەمانە نووسەر كلتوورو داب و نەریتی نەتەوەكەی لەگەڵ چیرۆكەكە تێكەڵ دەكات، لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی ئەو نەتەوەیەدا دەیگونجێنێت، واتە لایەنی كلتووری نەتەوەیی لە ڕۆمانەكەدا ڕەنگدەداتەوە، چونكە نووسەر ((سەردەمێك لە مێژوو دەكاتە هەوێنی كاری خۆی، كە دوو كەلتوور- یەكێكیان لەسەر لێواری مردن و ئەوی تریشیان لە حاڵەتی لەدایك بووندایە. لە شەڕ و ململانێدان لەگەڵ یەكتری)) (كۆمەڵێك نووسەر، 2008: 26)، كەواتە بەكارهێنانی ئەم كلتوورانە لە ژانەرێكی ئەدەبیدا دەبێتە هۆی پاراستن و پارێزگاری كردن لە بەرهەمە كلتوورییەكان لە لەنێو چون، كەواتە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە پەیوەندیەكی توندو تۆڵ لەنێوان كلتوورو ئەدەبدا هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یەكێ لە توخمەكانی ڕۆمان( گێڕانەوەیە)، واتە ڕۆمان گێڕانەوەی حیكایەتەكانە بەشێوەیەكی جوانتر و بەهونەریی كردنی حیكایەتەكانە، كەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەو حیكایەتانەی كە بەرهەمی كلتووری میللین لەنێو ڕۆماندا بەكاردێن، بێگومان ڕوداوێك كە ڕوودەدات كاتی ڕودانی هەیە، شوێنێك هەیە، ڕوداوەكەی لێ ڕوودابێت، ئەگەر بیبەستینەوە بە یەكێك لە توخمەكانی ڕۆمان، كە (كات و شوێن)ە، بۆمان دەردەكەوێت، كە پەیوەندییەكە چەند بەهێزە، چونكە كات و شوێن بە بڕبڕەی پشتی گێڕانەوە دادەنرێت، ئەگەر سەیری كلتووری كورد بكەین دەبینین، سامانێكی زۆر(ڕەمز)ی بۆ بەجێهێشتووین، جگە لەمانە ئەگەر سەیری زۆرێك لە ڕۆمانەكان بكەین، دەبینین كۆمەڵێك ڕەمز لەنێویاندا بەكارهاتووە، كەواتە نووسەرەكان هەوڵیانداوە ئەو ڕوداوانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕویانداوە بەهۆی نوسینەوە لە فەوتان بیانپارێزێت، كەواتە مێژوو و ئەدەب دوو شتن، كە ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگەن، ئەگەر سەیری  زۆرێك لە ڕۆمانە كوردییەكان بكەین، دەبینین گواستنەوەی چۆنییەتی ژیان و گوزەرانی كۆمەڵگەی كوردیی بەدیاردەخات و باس لە ڕووداو بەسەرهات و نەهامەتییەكانی ئەم كۆمەڵگەیە دەكات، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت پەیوەندییەكی دوولایەنە لەنێوان كلتوورو ئەدەب و ڕۆماندا هەیە.

**باسی چوارەم: بایەخ و گرنگی كلتووری كورد**

گرنگیدان بەكلتوور و سامانی میللی ئەركێكی گرنگ و سەرەكییە، چونكە هەر گەل و نەتەوەو هۆزێك بە كلتووری خۆیان دەناسرێنەوە، هەریەك لەمانە سامانی میللی تایبەت بەخۆیان هەیە،  پاراستنی ئەم سامانەش ئەركی سەرشانی تاكەكانە، كە پارێزگاری لێ بكەن، لە لەنێو چون و ناساندني بە نەوەی دوای خۆیان، هەروەها هۆكارێكی گرنگیشە بۆ نووسەران و قەڵەم بەدەستان، بۆ ئەوەی دووبارە مێژووی خۆییانی پێ بنووسنەوە و بەرزی ڕابگرن، ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕویانداوە، بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بۆ داهاتوو سوودی لێ وەربگرن، نەتەوەی كوردیش بەدەر نییە لەو پرۆسەیەو دەتوانێ سوودی مەزن لە كلتوورەكەی وەربگرێت، چونكە ((داب و نەریتی كۆمەڵایەتی كوردی وەكو توخمێكی پێكهێنەری كەلتووری كوردی لەلایەك سەلمێنەری ڕەسەنایەتی بوونی ئەو كەلتوورەن لەلایەكی تریشەوە بنەمان بۆ ڕێنسانس و زیندووبوونەوەی كەسێتی ماددی و مەعنەوی كوردی)) (قەرەداغی، 2007: 11). كاركردن لەنێو جیهان و بواری كلتووریی و سوود وەرگرتن لێی پێویستی بە زیرەكییەكی باش هەیە، بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵیدا و(بۆ سەركەوتن تێیدا پێویستی بەسێ قۆناغی بنەڕەتی هەیە، ئەوانیش بریتیین لە رزگاركردن و دەرهێنانی بابەتە كلتوورییەكە لە شێوە دارشتنە كۆنەكەی، پاشان دووبارە ئامادەكردنەوەی، قۆناغی سێیەمیش بەكارهێنانیەتی بەشێوەی هاوچەرخانە و هاوچەرخاندنییەتی) (هرمز، 2003: 102). نابێ بە چاوێكی كەم و بێبایەخ سەیری كلتوور بكەین، چونكە لە زۆر كات و سەردەم و لەلایەن زۆر لە نەتەوەكانی جیهان بە پێچەوانەی ئەمە كاریان كردووە، واتە كاتی ئەدەب و هونەرەكەیان دووچاری وەستان و چەقبەستن و دواكەوتن بووە، لەو ساتەوەختە یەكلاكەرەوەیەدا پەنایان بۆ كلتووری ڕەسەنی خۆیان بردووە و بۆی گەڕاونەتەوە، بۆ نموونە ((بەشێك لەو ڕۆشنبیرییەی شاعیرانی كورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە سامانی كلتووری و فۆلكلۆری و بەتایبەتیش ئەدەبیاتی گۆرانی)) (باڵەكی، 2005: 49). هەر وەك ئاشكرایە كە لەو

سەردەمەدا واتە سەرەتای سەدەی رابردوو هەستان بە نوێکردنـەوەی ئـەدەبی کـوردی و توانییـان لـە زۆر رووەوە هـەنگاوی گـەورە بنێن، بۆ نموونە لە رووی ناوەرۆك و روخسارەوە نوێیکەنەوە و سیمایەکی تازەی پێببەخشن، ئەو هەنگاوەش بە شێوەیەکی بنەرەتی بۆ پشتبەستنیان بە کلتووری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، هەروەها هۆکارێکی گرنگیشە بۆدەوڵەمەند کردن و بە جیهـانی بـوونی ئـەدەبی نەتەوەیی، چونکە هەر میللەتێك ئەگەر لە ڕێگای کلتوورو ئەدەبیاتەکەی خۆی بەجیهانی دەرەوەی خـۆی ئاشـنا بکـات، ئـەوا باشـتر خۆی دەناسێنێت، چونکە دەوڵەمەندی ئەدەب و هونەر، واتە دەوڵەمەندی ئەو نەتەوەیە و بیرڕۆشنی ئـەوان دەگەیـەنێت، چونکـە ((کەلەپور سەرچاوەی ئەدەب و هونەرو شارستانیەتە، بەری رەنج و ماندوبونی مرۆڤە و لەدەرگاکانی مرۆڤی داوە، کەواتە ئەدەب و هونەرو شارستانیەت لەدەرگا گەورەکەی کەلەپوردا ڕەگیان داکوتاوە)) (حەسەن، 2012: 25). هـەروەها لەلایـەکی دیکـەوە، بـەهۆی کلتوورەوە دەتوانین لایەنی شەڕو ئاشتی و خۆشی و ناڕەحەتییەکانی هەر میللەتێك لە ڕابردوودا دیاریبکـەین، چونکـە بەشـێك لـەم کلتووره جێماوە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە، کە بەسەریاندا هاتووە، یاخود ئـەو کارەسـاتانەی، کـە ڕویانـداوە لـە ئـەدەبی میللـی رەنگدەداتەوە، چونکە کلتوور بەشێکە لە ((گەڕانەوەی کورد بۆ رابردوو و پاشخانی خۆی، لە دووتوێی گۆرانی، سـیاچەمانە، لاوك و حەیران، بەسـتە و بـەیت و لایەلایـە و چەمـەری و بەسـتەی دڵدارییەکانـدا چ کسـپە و هاوارێـك پـەنگیان خـواردووە؟ ئـەو مرۆڤـە نەناسراوانەی کە دانەر و خوڵقێنەری ئەم ئەدەب و هونەرەن، ویستوویانە چی بە ئێمە بڵێن، خولیاکانیان چی بووە، چۆن ژیاون؟)) (فەلاحی، 1393: 52). هەموو ئەو رووداو و کارەسات و ئاماژانە لەنێو ئەو بابەتانە رەنگیانداوەتەوە، هەروەها ئەو لاوك و حەیران و مەقامانەی، کە لەپێشدا وتراون زۆربەیان وەسفی جوانی ئافرەت و پیاهەڵدان بووە بەسەر ئافرەتدا، ئەمەش ئەوە دەگەیـەنیت، کـە کوردیش ڕێزی لە ئافرەت گرتووەو وەك بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە سەیری کردوە.

**بەشی دووەم: رەنگدانەوەی کلتوور لە رۆمانی (گیانی من هاتییەوە)دا**

**پوختەی ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە)**

ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە) ڕۆمانێکە هەڵقوڵاوی رووداو و داب و نەریت و ژیانی واقیعی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییە, پیشاندانی ژیانی سەردەمانی دوور و نزیکی کورد دەخاتەڕوو, دەرخستنی لایەنەکانی ژیانی کورد و ئەو نەهامەتی و ناخۆشیانەی کە بەسەری هاتووە, هاوکات لەگەڵ ناساندنی کۆمەڵێك کلتوورو داب و نەریت, کە تایبەتن بە نەتەوەی کورد, هەروەها پەردەلادان لەسەر کلتووره نەشیاوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریی, نووسەر ئەم ڕوداوە ڕاستەقینانەی تێکەڵ بە وێنەی جوان و هەست و سۆز و سەرجەم ئەو رەگەزانەی, کە ڕۆمانیان لێ پێك دێت ئاوێتەی کردووە, ئەم ڕۆمانە باس لە دوو بنەماڵە دەکات, کە لە لادێ دەژین, ئەوانیش بنەماڵەی (مام تەها و ڕەحمان شینە)ن, ئەمانە دوو بنەماڵەن, کە کلتوورو داب و نەریت بە تەواوی باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی ژیانیاندا, کە کلتوور سنوری بۆ داناون و ناتوانن خۆیان لە کۆت و بەندی ئەم کلتووره ڕزگار بکەن, مام تەها کوڕێکی هەیە بەناوی (عەلی باران), هەروەها (ڕەحمان شینە)ش کچێکی هەیە بەناوی (هاوڕاز), ئەم دوو گەنجە لەنێو کلتوور و داب و نەریتی ئەم دوو بنەماڵەیەدا گەورە بوونە, بەڵام ئەم دوو گەنجە بە پێچەوانەی بنەماڵەکانیان, دژی ئەو کلتووره دواکەوتووەن, ئەم دوو گەنجە دوو کەسی سەرەکین و دڵ بە یەك دەدەن, بەڵام بە تێپەڕبونی کات ناتوانن خۆشەویستییەکەیان ئاشکرا بکەن, بە تێپەڕبونی کات ماڵی (ڕەحمان شینە), واتە ماڵی(هاوڕاز) لەبەر کەمدەرامەتی و خراپی باری ژیانیان بڕیاردەدەن, کە لادێکەیان بەجێبهێڵن و ڕوودەکەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،(عەلی باران), کە بەم هەواڵە دەزانێت, ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت, بەڵام هیچی لەدەست نایە, بۆ خۆشەویستەکەی بیکات, تەنیا ئەوە نەبێت, کە بەڵێن بە یەکتری دەدەن, ئەگەر خوا تەمەنی پێ بەخشین ئەوا بۆ یەکتری بن, ئەگەر نا بۆ گڵ, هەر چۆنێك بێت ماڵی (ڕەحمان شینە), دەگەنە رۆژهەڵات, لەوێ لە کورەخانەیەك نیشتەجێدەبن و دەستدەکەن بەکارکردن، کارکردن لە کورەخانە, زۆر قورس و گران بوو, بەڵام (ڕحمان شینە) ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێت, (هاوڕاز)یش لەوێ دەست بەکار دەکات, بەلای (هاوڕاز)ەوە کارکردن لە کورەخانە بەقەد ئازاری دابڕان لە (عەلی باران)ی خۆشەویستی قورس و گران نییە, هیچ شتێك لەم کورەخانەیە نەبوو، کە دڵی (هاوڕاز) خۆش بکات، جگە لە(مەهتاب)ی هاوڕێ تازەکەی, ئەم کچە شۆخ و زیرەکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو, هەمیشە بە قسەکانی دڵی (هاوڕاز)ی دەدایەوە,(هاوڕاز) تەواوی نهێنیەکانی لای ئەم کچە باس کردبوو.

(عەلی باران)یش دوای ڕۆیشتنی ماڵی (هاوڕاز) لە لادێکەیان بە تەواوی بێ ئومێد ببوو و توشی نەخۆشییەکی قورس بوو, کە کەس نەیدەزانی چییەتی و بۆچی وای لێ بەسەرهاتووە, بنەماڵەکەی شوێن نەما بۆی نەچن, بۆ ئەوەی هۆکاری نەخۆشی کوڕەکەیان بزانن, (مام تەها) لە لای چەند شێخ و مەلا نوشتەی بۆ کرد, بۆ سەر گۆڕی چەندین پیاوچاك و مەرقەد ڕۆیشت, تا دووعای بۆ بکات, بەڵام هیچ سودێکی نەبوو, بێئاگا لە دڵی (عەلی باران), کە بەدەست دووری خۆشەویستەکەیەوە دەناڵێنێت. (عەلی باران) نەیتوانی بەم شێوەیە بەردەوامبێت, هەر چاوەڕوان بکات, بۆیە خۆی کۆکردەوەو بەرەو سنوری ڕۆژهەڵات بەڕێکەوت, خۆی گەیاندە ئەودیوی

سنور, بەڵام نایتوانی لەدەست پاسدارانی سەر سنور رزگاری بێت, لە کۆتایدا دەستگیر دەکرێت و دەیبەن بۆ ژورە تاریکەکانی زیندان, تا ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە,(عەلی باران) لە بەندیخانە کەسێك دەناسێت بەناوی (هەمزەی باڵەبان), کە کە دەبێتە هاوڕێ و پشت و پەنای, سەرجەم ڕازو نیازە بەدی نەهاتوەکانی خۆی بۆ واڵا دەکات, (هەمزە)ش دەرگای دڵی بۆ دەکاتەوە, تا ماوەیەك بەم شێوەیە لە بەندیخانە مایەوە, تا شەوێك کاتژمێر(سێ)ی بەرەبەیان ژاوەژاو لەنێو زیندانیان بەرز دەبێتەوە, (هەمزەی باڵەبان) یەکەم کەس بوو, کە گەیشتە سەر سەری (عەلی باران), بینی لەسەر دەم کەوتووە و دۆخی زۆر خرابە. ئەویش دەیخاتە سەر ڕانی خۆی, دەبینێت (عەلی باران) بەزەحمەت هەناسە دەدات, چەند دڵۆپێك خوێنیش بەسەر لێویدا هاتۆتە خوارێ, لەلایەن پاسەوانانی زیندانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە, دوای چارەسەرێکی سەرەتایی(عەلی باران)یان بۆ بەندیخانە گەڕاندەوە, دوای ئەوەی هاوڕێیانی پرسیاریان لێکرد دەربارەی نەخۆشیەکەی, ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە, لە تەواوی قسەکانی گوتی ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو, کە پەرستارێکی کورد بە چرپە پێی ڕاگەیاندم, کە کەسوکارەکەم ئاگادار بکەمەوە, تا ئازادم بکەن, بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەم چارەسەر بکەم, گوتی ئەگەر درەنگ بکەوی لەوانەیە نەخۆشیەکەت تەشەنە بکات، واتە ئاگاداری کردمەوە لە نەخۆشیەکی ترسناك, تا ماوەیەکی دیکەش هەر بەمشێوەیە لەزینداندا مایەوە,(هاوڕاز)یش بێئاگا لە حاڵی خۆشەویستەکەی, هەمیشە بە (مەهتاب)ی دەگوت (عەلی باران) دێت و بەڵێنەکەی بەجێ دەگەیەنێت, (مەهتاب)یش بەردەوام دڵی دەدایەوە, دوای ماوەیەك(مەهتاب)ی هاوڕێی شوو دەکات بە(عوزێر)ی دەسگیرانی, کە کوڕە خاڵی خۆی بوو, لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لێی مارەکرابوو,(هاوڕاز) ئەوەندەی دی نیگەرانی دایگرت, بەهۆی ئەوەی چیدیکە کەس نییە خەمەکانی بۆ هەڵبگرێت, بەڵام (مەهتاب) بەڵێنی پێدا, کە وەك جاران سەری لێبدەدات و ئاگاداری یەکدی دەبن, دوای ماوەیەك کاری کورەخانە تەواو بوو, (ڕەحمان شینە) بڕیاریدا بنەماڵەکەی ببات بۆ (گاڤداری), واتە بەخێوکردنی ئەو چێڵانەی کە شیر و ماست بەرهەم دەهێنن, هەرچەندە(هاوڕاز) و دایکی لێی پاڕانەوە کە بگەڕێنەوە بۆ لادێ, بەڵام(ڕەحمان شینە) قبوڵی نەکرد,(ڕەحمان شینە) لە ڕێگەی (ڕەحیمی مەولود زادە) ئەو کارەی بەدەستهێنابوو, (ڕەحیم)یش چەند کیلۆمەترێك لە دووری ماڵی ئەوان کاری پاسەوانی پەلەوەر بوو, هەمیشە بەدەوری ماڵی (هاوڕاز)دا دەهات, دەیویست دڵی(هاوڕاز) بۆخۆی ڕابکێشێت، هەرچەندە ئەو پێشتر ژنی هێنابوو, ژنەکەی کەمتر لە ساڵێك لای بوو, دوای پیاوێك کەوت, بۆیە(ڕەحیم) دەیویست هەرچی زووە ژن بهێنێتەوە, بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزارییە بسڕێتەوە, هەمیشە لەلای باوکی (هاوڕاز) خۆی خۆشەویست دەکرد, بۆ ئەوەی (هاوڕاز)ی بداتێ, ڕۆژێك (ڕەحیم) خۆی ئامادە دەکات و دەچێت بۆ داوای (هاوڕاز), بەهەر جۆر و فرت و فێڵێك بێت ڕەزامەندی باوکی بەدەستهێنا، کە بەزۆر (هاوڕاز) دەدەن بە (ڕەحیم), هاوڕاز خۆی وەك خیانەتکارێك دەبینی بەرامبەر بەو بەڵێنەی, کە بە(عەلی بارانی) دابوو, بەڵام هیچ چارەیەکی نەبوو,(رەحیم) بە فێڵ و تەڵەکەبازی و پیلانی ناڕەواو درۆ توانی هاوڕاز و دایکی و دایکی مەهتاب ڕازیبکات، بەڵام لە هەموو ئەو بەڵێنانە پەشیمان بۆوە، کە پێی دابوون، زۆر نا مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر، بەو هۆیەوە دەکەوێتە نەخۆشخانە، لەو ڕۆژانەشدا مەهتاب بە سەردان دێتەوە ماڵی باوکی و زۆر لەو ڕەفتار و بێ بەڵێنییەی (ڕەحیم) توڕە دەبێ، بۆیە بڕیاری تۆڵەکردنەوە دەدەن,(مەهتاب) لەگەڵ (عوزێر)ی دەزگیرانی پلانیان بۆ ئازادکردنی (هاوڕاز)دانا. شەوێکیان (ڕەحیم) زۆرێك لەو مادانەی خوارد, کە هەمیشە دەیخوارد و خۆی پێ بێهۆش دەکرد, دوای ئەوەی (هاوڕاز) زانی بەتەواوی بێهۆش بووە, خۆی ئامادەکرد و (مەهتاب)و (عوزێر)ی دەسگیرانی هاتن بەشوێنیدا, لە بەرەبەیاندا بەڕێکەوتن, تا دوورکەوتنەوە لە ماڵی (ڕەحیم,)و بەهۆی ناسیاو دۆستەکانی رەوانی لادێکەی خۆیانی دەکەنەوە.

ناخۆشییەکەی(عەلی باران)ش زیاتر پەرەدەسێنێت و تەشەنە دەکات، بۆیە کاربەدەستانی زیندان بڕیاری ئازادکردن و سنورداش کردنی بۆ باشوری کوردستان دەردەکەن، بەڵام ئەو زۆر غەمبار بوو, کە (هەمزەی باڵەبان) بەجێ دەهێڵێت و بەدەستبەتاڵیش دەگەڕێتەوەو بە ئامانجی خۆی نەگەیشتوە, بیری دەکردەوە, دەبێت خەڵکی لادێ چی پێ بڵێن, بە چ چاوێکەوە تەماشای بکەن, دوای چەند شەو و ڕۆژ, لە لادێیەکەی نزیك دەبێتەوە، بەڵام ناچێتەوە لادێ، دەچێتە ماڵی(کاوە)ی هاوڕێی لە شار، لەوێ (کاوە) هەست بە نەخۆشیەکەی دەکات, دەیبات بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی, پزیشکەکان لە مەترسی نەخۆشیەکەی ئاگاداری دەکەونەوە, کە بەهۆی ساردو سەرمای ناو زیندانەکانەوە توشی نەخۆشی سیل بووە, تەشەنەی کردووەو تەنیا چەند ڕۆژێکی لە ژیاندا ماوە, هەر بۆیە (کاوە) دایك و باوکی لە نەخۆشیەکەی ئاگادار دەکاتەوە, ئەوانیش بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە دەچنەلای, دواتر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەو نەخۆشخانەیە دەیهێننەوە ماڵەوە.

هاوکات(هاوڕاز)یش بەردەوامە لە بڕینی ڕێگا دوورو درێژەکەی, بۆ ئەوەی بگات بە (عەلی باران), هەمیشە لە بەرخۆیەوە دەیگوت: دەبێت (عەلی باران) تەماشای ڕوخسارم بکات, دوای ئەوەی دەزانێت, کە کچ نیم و شوم بە کەسێکی دیکە کردووە, کە خۆم نەمویستوە, بەردەوام بیری لەمانە دەکردەوە بێئاگا لەحاڵی (عەلی باران) کە لە گیانەڵان دایە, (هاوڕاز) یەکسەر نەچوو بۆ لادێکەیان

ئەویش چوو بۆ ماڵی (کاوە)ی هاوڕێی(عەلی باران)، چوونکە دەیزانی هاوڕێیەکی دڵسۆزیەتی و لەوێ تەگبیرێکی بۆ دەکەن، لەوێ (کاوە) نەخۆشیەکەی پێ ڕانەگەیاند، دواتر بەیەکەوە چون بۆ ماڵی(عەلی باران) کە چوە ژورەوە، لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە مشتە کۆڵەیەکی لەسینگی خۆیداو لە حەوشەی ماڵی(عەلی باران) بورایەوە، هەر چۆنێك بیت(هاوڕاز) بەدیداری(عەلی باران) شاد بۆوە، بەڵام پاش ئەوەی خەریك بوو لە شەڕ لەگەڵ مەرگدا بدۆڕێت، (هاوڕاز) دەستەکانی، (عەلی باران)ی توند بەسینگی خۆیەوە گرتبوو، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکەکانی دەڕژانە سەر ڕومەتی، بە موعجیزە، خەندە کەوتە سەرلێوی (عەلی باران)و گوتی: ((هاوڕاز گیانی من هاتییەوە؟!! )) هاوڕاز بە هێواشی سەری (عەلی باران)ی بەرزکردو ئەو دەفتەرەی دەرهێنا، کە بە دەیان نامەی تیا نوسرابوو، کە باسی لە ئازارو ناڕەحەتییەکانی دووری نێوانیان دەکرد، کە لە کونجی زینداندا نوسیبووی بۆ هاوڕاز، لەگەڵ تاریك و ڕونی بەیانی(عەلی باران) گیانی سپارد، هاوڕازی بێچارەی بۆ ژیانی بێواتا و پڕ لە ئازار بەتەنیا بەجێهێشت، هێشتا ڕێوڕەسمی پرسەکەی تەواو نەببوو،(هاوڕاز) باری دەروونی بەشێوەیەك تێکچوو، ڕەفتارەکانی تەواو شێتانە دەردەکەوتن، لە دوای هەفتەیەك، دوای چارەسەر، بە یەکجاری گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دەروونی لەوێ تەواوی ژیانی بەسەر برد.

**کورتەیەك لەسەر نووسەر**

ناوی تەواوی نووسەر( نعمان تۆفیق حەمەد)، ناسراوە بە(بەڵێن)، لە ساڵی 1971 لە گوندی کانی کوردەی سەر بە قەزای کۆیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، پیشەی مامۆستایە، لە یە کێك لە قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر دەوام دەکات، لە چەند بوارێکی جیاواز دەنووسێ وەکو( شیعر، ڕۆمان، دەروونزانی، پەروەردە)، بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتیین لە:

1. سەفەرێك بۆ وڵاتی هەمیشە پایز، شیعر،2013
2. خۆبوون/ پەروەردەیی، 2008
3. بەهای بیرکردنەوە، دەروونزانی، 2014
4. گیانی من هاتییەوە؟! , , ڕۆمان، 2016
5. بۆ...؟!، شیعر، 2017
6. هۆڵی ژانەکان، ڕۆمان، 2018.
7. کۆمەڵێ وتار و نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان.

نوسەر هەر لە سەرەتاي لەدایکبون و چرکە سەرەتاییەکانی ژیانی چاوی پشکوتوی سروشتی جوانی لادێ بووە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە نوسەر دیمەنی لادێ و ئەو کلتوور و داب و نەریتانەی نێوی بونەتە ئیلهام بەخشی، چونکە پیشەی مامۆستای سەرەتایی بووە، دەسپێکی دامەزراندنی وەك مامۆستا لە لادێکانی کوردستان دەستی پێکردووە، هەر ئەمەش بووە کەوای لێ کردووە، زۆرێك لە نێوچەکانی کوردستان بگەڕێت و شارەزایی کلتوورو دابونەریتی ناوچە جیاوازەکان ببێت , جگە لەمانە نوسەر بەهۆی ماڵوێرانی و دەربەدەریەوە وەك زۆرینەی خەڵکی کورد، کە لەو دەربەدەریی و ماڵوێرانیانە بێبەش نەبووە، بەو هۆیەوەش نوسەر چاوی بەخاکی ئێران دەکەوێت و ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، ئەو شتانەی کە لەوێ بینیویەتی و ئەو کارانەی کەلەوێ کراون، وەك کارکردن لە کورەخانە، لەنێو بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نوسەر هەستی بە چەوساندنەوەو بەکەم زانینی ڕەگەزی مێ لەلایەن کۆمەڵ یان لەلایەن هەندێك لە پیاوانەوە، ئەوانەی کە لەنێو خێزاندا پیاو سالاری بووە، بە یاساو ڕێسا و هیچ یەك لە ئەندامانی خێزان بۆیان نییە سەرپێچی لێ بکەن و لێی لابدەن، ئەمانە کاریگەریان لەسەر هزر و دەرونی نوسەر بەجێهێشتووەو لە کارەکەیدا رەنگیداوەتەوە، هەربۆیە بەشێك لەم وێنانە دەخاتە بەر دیدی خوێنەران، تا بەشێك لەم نەهامەتییانەی، کە ئافرەتی کورد بینیویەتی بیگوازێتەوە بۆ نێو کارە ئەدەبییەکەی و بیخاتە بەردەم رای گشتی کۆمەڵ، تا بیان جولێنێ و هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر دەربڕن و ئەو کارە نەشیاوان بنبڕ بن لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا.

**باسی یەکەم : ڕەنگدانەوەی کلتووری ماددیی**

کلتووری ماددیی هەموو ئەو جێماوانە دەگرێتەوە، کە قەبارەدارن و بەرجەستەن و شوێن دەستی مرۆڤی کۆنی بەسەرەوەیە، یان کەسانێك لە رابردوودا دروستیانکردوون و وەك میراتێك بۆ نەوەکانی دواي خۆیان جێیانهێشتووە، لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە کلتووری ماددیی((پێکهاتووە لە هەموو ئەو پێداویستییە ماددیانەی لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردێن وەکو، خۆراك، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەکانی کارپێکردن، ئامێرەکانی گواستنەوەو هاتوچۆکردن، ئامێرەکانی مۆسیقا، خشڵ، چەك، ئامێر و کەرەستەکانی راوکردن، ئەگەر سەرنج بدەین، هەموو ئەمانە پێداویستی ژیان و لای هەر ئێتنۆسە و بەجۆرێك و تایبەتمەندیی

خۆیان هەیە)) (میران، 2009: 59). هەموو نەتەوەیەکیش بە شێوەیەك لە شێوەکان گرنگی بەو جۆرەی کلتوور دەدات و روخساری ئەو نەتەوەیە بەدیاردەخات، نەتەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان گرنگی بەو بوارە داوە، یەکێك لەو کلتوورە جوانانەی کە تائێستاش جێگەی سەرنجدان و تێڕامانە، کلتووری ماددییە، کە تا ئێستا ماوەتەوەو لەبەردەستدایە، کە بەشێوەیەکی جوان و لێهاتوانە و وەستایانە ئەم کەلوپەلانە دروستکراون، هەرچەندە لەڕوی کاتەوە لە سەردەمانێکی کۆندا دروستکراون، کە بواری تەکنەلۆجیا نەبووە، یان سەرەتایی بووە، زۆربەی کارەکان بە دوو شێوە دروستکراون، بە ئامێر یاخود بەدەست دروستکراون، ئامێرەکانیش لەو کاتەدا زۆر سادە و ساکارو سەرەتایی بوونە، کە بە زۆری کاری ڕستن و چنینیان پێ ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هونەرێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشی تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرتیژی و لێهاتوویی مرۆڤی ئەو سەردەمە، مرۆڤی سەردەمانی زوو هەوڵییانداوە سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانیان بەدەستی خۆیان فەراهەم بکەن، بۆ دروستکردنی ئەم پێداویستییانەش زیاتر سوودیان لە ئاژەڵداری و بواری کشتوکاڵی وەرگرتووە، هەر کەرەستەی ئەو پیشانەش بووە بۆ دروستکردنی کەلوپەلەکان بەکاریهێناوەتەوە، کاتێك گۆشتی ئاژەڵێکیان بۆ خواردن بەکارهێناوە سوودیان لە پێستەو خوریەکەشی وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی پێداویستی حەسانەوە لە خوری و پەری مریشك، وەك:سەرینی پەڕی مریشك، لباد، مافور، جاجم...هتد، بەرماڵ و گوریسیشیان لە خوری دروستکردووە، ئەم لایەنە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە)دا ڕەنگیداوەتەوە، کاتێ رۆمانەکە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت، کە نووسەر پەنای بۆ ئەو بوارە فراوان و دەوڵەمەندە بردووە و کلتووری تەوزیفی نێو بابەت و رووداوەکان کردووە و باسی لەو کەلوپەلانە کردووە، بۆ نموونە لەچەند دێڕێکدا دەڵێت: ((دوای خۆر ئاوابوون و بەر لە نوێژی خەوتنان پێخەفە لولدراوەکانی کە پارچە لبادێکی کۆن و سەرینێکی لەپەڕی مریشك دروستکراو و لێفەیەك کە هەر لایەکی لەجۆرە قوماشێك پێکهاتبوو بێجگە لەوەی بەتەقەڵی گەورە چەند پینەیەکی پێوە نرا بوو لەبەر کۆنی بەتەواوی رەنگەکەی کاڵ بو بۆوە دەخستە بن هەنگڵی)) (حەمەد، 2016: 7). لێرەدا نووسەر بەشێوەیەکی راستگۆیانە و واقیعیانە باس لەو کەلوپەلانە دەکات، کە نەتەوەی کورد لە کۆندا بەکاریهێناون، چونکە کاتی ئەو چەند دێڕە دەخوێنییەوە وێناکردنێکی جوانت دێتە بەرچاو، کە بریتییە لە ماڵە هەژارێکی گوندنشینی کورد، هەر لێرەدا بارو گوزەران و شێوەی ژیانیان بەدیاردەکەوێت.

جگە لەمانە بۆ کەلوپەلی نێو ماڵ و پێداویستییەکانی خواردن و خواردنەوەش چەند کەلوپەلێکی تایبەت بەم لایەنەش دروستکراون، ئەوانیش: کوندە، جەڕڕە، دێمکە، گۆزە، کودی ئاو و...هتد، ئەمانە بۆ هەڵگرتنی ئاو و هەروەها بۆ ساردکردنی ئاویش بەکارهاتون لە شوێن بەفرگری ئێستا، هەروەها دەفر و کەوچکی لە دار دروستکراو، بۆ خواردن بەکارهاتوون، ئەمڕۆ وەکو پاشماوەی کلتووری سەیر دەکرێن، نووسەر لەبارەی ئەوانەش دەڵێت:((جامە ئاوێکی شەوی ناو کوندەی سەر کوندەڵانەکانی ئەوەندە بەلەزەتن بەهەموو شاری دوونیای ناگۆڕمەوە)) (حەمەد، 2016: 7). لێرەدا نووسەر شانازی بە رابردوو و ژیانی دێهات و کلتووری نەتەوەکەی دەکات، بە جۆرێك بەهەموو ئەو خۆشی و پێشکەوتنەی ئێستای ناگۆڕێتەوە، ئەوەش بۆ سادە و ساکاری ژیانی ئەو ساو ئالۆزی ژیانی ئێستا بەلای نووسەرەوە دەگەڕێتەوە، جگە لەمانە مرۆڤ بیری لە بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلانە کردەوە، کە بۆ بواری کشتوکاڵی پێویستی پێیان هەبووە، چونکە لەو سەردەمەدا کشتوکاڵ پیشەی سەرەکی دانیشتوانی لادێنشینەکان بووە، شان بە شانی پیشەی ئاژەڵداری، فەللاحەتیان کردووە، ئەو کەلوپەلانەیان لەو بوارەدا بەکارهێناوە، وەك: هەمبانە بۆ هەڵگرتنی دەغڵ و دان، خەرار، جوار، ئەمانە گەنم و جۆیان تێکردووە، کۆتك بۆ پێوان بەکارهاتووە، کە بە دوو کۆتك تەنەکەیەکە، هەروەها لەکاتی تۆکردنی دەغڵ و دانەکان بەرامیل یان بەکارهێناوە، ئاش و دەستاڕیشیان بەکارهێناوە بۆ هاڕین و لێکردنی بەروبومەکانیان، کە لەبواری کشتوکاڵ بەرهەمهاتون، ئەو جەمە خۆراکانەیان لێ دروستکردوون، کە خۆراکی سەرەکی و رۆژانەیان بوونە، سودیان لە هیزە وەرگرتوە، بۆ هەڵگرتنی ڕۆن، لەپاڵ ئەمانەشدا هەندێك کەلوپەلیش بۆ ئاژەڵەکان دروستکراون، بەتایبەتی بۆ هێسترو گوێدرێژ، چونکە لەو سەردەمدا هۆکارەکانی گواستنەوە تاڕادەیەك کەم بووە، بۆیە ئاژەڵەکانیان بەکارهێناوە بۆ بارکردن و گواستنەوەی کەلوپەلەکان، دیارە هەندێ کەرەستەو کەلوپەل بەکارهاتووە بۆ ئاژەڵەکان، کە بونەتە بابەتی کلتووریی، وەك: ناڵ، کورتان، قەیاسە، بارێنە، جگە لەمانە ئەو خواردنانەی، کە خانمەکان ئامادەیانکردووە سەرجەمیان خواردنی خۆماڵی بوونە، زیاتر ئەو بەروبومانەیان بەکارهێناوە، کە سروشتی بوونە، یاخود خۆیان بەهۆی فەللاحەتییەوە بەرهەمیانهێناوە، خواردنەکانیش وەك: کەشك، ماش، دۆینە، دۆغەوا، ساوەر، داندۆك، تۆڵەگە، کەنگر، کاردي، بۆ رازاندنەوەی خوانی بەیانیانیش خانمەکان بەر لە خۆرهەڵاتن تەندورەکانیان گەرم کردووەو ئەستوکیان بەڕۆنی کوردی دروستکردووە، یاخود لەنێو ناندێنەکاندا ئاگریان کردووەتەوەو لەسەر سێڵ کەلانەیان بە نێرکەپیاز دروستکردووە، نووسەری ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە) هەموو ئەو شتەنەی لەنێو رۆمانەکیدا تەوزیف کردووە، بۆ نموونە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دەوەڵڵا من زۆر سبەینان چوار کەلانە پێنج کەلانەم خواردووە کە هەر یەکەیان لە ئەنگوتکە هەویرێکی گەورەو دەسکە تەڕە پیازێکی موستەهەق دروستکراو بەڕۆنەکەرەی خۆماڵی چەورکراو)) (حەمەد، 2016:

20). نووسەر جگە لەوەی باسی لە خوادنێکی کلتووری و میللی کردووە، هاتووە باسی مرۆڤی ئەو سەردەمەی نەتەوەکەشمان دەکات، کە چەندە گۆڕاوە، لەرووی کار و کاسبی و جووڵە و کارکردنەوە، مرۆڤی کورد لە رابردوو کاری قورسی کردووە و هەمیشە لە جووڵەدا بووە، بۆیە خواردنی زۆریشی پێویستبووە بیخوات، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی کەم جووڵانەوەی و بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە جووڵەی زۆر کەمبووە، بۆیە خواردنیشی کەمبووە و تەندروستیشی زۆر خراپتر بووە، ئەمانە و چەندین شتی دیکە لەپشتی ئەو باسانەوە دەخوێندرێنەوە، کە نووسەر بەمەبەستەوە وروژاندوونی، جگە لەمانە مەشکەیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی دۆ، ئەو بەروبومەی کە لە ئاژەڵەکانەوە دەهاتە بەرهەم، کۆمەڵێك پێداویستی خۆراکی دیکەیان لێ دروستدەکرد، بەتایبەتی لە شیرەکەی وەك: پەنیر، ژاژی، فرۆ، لۆر، ماست، بۆ سوود وەرگرتن لە ماستەکەو کردنی بە دۆ، ماستەکەیان دەکردە نێو پێستەی حەیوان، کە مەشکەیان پێگوتوە، ژەندویانەو بووە بە دۆ، نووسەر بەتامەزرۆییەوە باسیکردوون و دەڵێت: ((زۆر جار دەڵێم هەزار جار بەقوربانی ئەو ئاواییەی خۆمان بم ئەوەندە کڕ و بێدەنگە مەبەستت بێ گوێت لە ترپەی لێدانی دڵی خۆت دەبێ چۆن بە قوربانی نەبم شەماڵی دەمەو عەسران و دیشلەمەی بن کەپرو ساباتەکانی جامە دۆیەکی ترشی ناو مەشکە و جامە ئاوێکی شەوی ناو کوندەی سەر کوندەڵانەکانی ئەوەندە بەلەزەتن بە هەموو شاری ناگۆڕمەوە)) (حەمەد، 2016: 19). لێرەدا وێنایەکی جوانی کەش و هەوای گوند و ساتە پڕ لە خۆش و بەلەزەتەکاتی دەکات، وات لێدەکات بەحەسرەتەوە بۆ ئەو شوێنە بگەڕێیتەوە، بۆ ئەوەی لەو لەزەتە رۆحی و جەستەییە بێبەش نەبیت، هەروەها بۆ خۆ پاراستن لەسەرماو سۆڵی زستان زۆپای داریان بەکارهێناوە، شەوانی درێژی زستانیان پێ بەڕێکردووە، لەگەڵ خواردنی گوێزو مێووژ، هەروەها چەندین یاری کوردەواریی بۆ بەڕێکردنی شەوانی درێژی زستان ئەنجامدراون، وەك: بنکڵاوێن و چەندان یاری دیکەی کوردەواریی، کە ئەمەشی لەبیر نەکردووەو بەم شێوەیە ئاماژەی بۆکردووە، ((شەوانی ساردی زستان بێ گرمە گرمی زۆپای داران چۆن گەرمم بێتەوە)) (حەمەد، 2016: 19). هەروەها بۆ شوێنی نیشتەجێبون و حەوانەوە، رەشماڵ و کەپر و خانویان دروستکردووە، تا لەکاتی سەرماو گەرما تیایدا بسرەوێن، خانووەکانیان لە قوڕو خشت دروستکردووە، بۆ داپۆشینی سەری خانووەکان قامیش و داریان بەکارهێناوە، کە کاریتەو شەقرەیە، لەپاشان خۆڵەبانیان کردووە، بە باگردێن کاری پەستانەوەیان بۆ کردووە، بۆ ڕازاندنەوەی دیواری ناوەوەی ژورەکان بەقوڕ سواقیانداوە، لەسەر دیوارەکان دەڵاقەیان دروستکردووە، بۆ ئاژەڵەکانیش شوێنی حەوانەوەیان دابینکردبوو، وەك: حەسار، هۆری رەشەوڵاغ، کولانە، کۆڵیت، لەم بارەیەوە نووسەر وێنەیەکی جوانمان پیشاندەدات، لە چەند دێڕێکدا دەڵێت:((مێگەلە مەڕو بزنەکانی قەد پاڵی چیای پشت ئاواییەکەیانەوە ئەو مریشك و جوجەڵانەی دەبینی کە دوای گەڕان و دان خواردن لە بن سێبەری کەپرو کوندەڵانەکاندا هەڵکورماون)) (حەمەد، 2016: 8).کەواتە دەتوانیین بڵێین، ئەو کەرەستە ماددییانەی، کە لەبەردەستدان، ئەوانە خۆی لەخۆیدا گەوهەرێکی بەنرخن، چونکە ئەمانە دیارو لەبەرچاوانن، ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە میللەتی کوردیش وەك سەرجەم میللەتانی دیکە خاوەنی کلتووری تایبەت بەخۆیەتی و پارێزگاری لێکردووە و پاراستویەتی، هەر ئەم کلتوورەشە بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی سامانی کلتووری نەتەوەکەمان.

**باسی دووەم : ڕووداو و شوێنی مێژوویی**

لەوانەیە پرۆسەی بەگوتارکردنی کات لە دینامیکی مێژوویی گۆڕاودا، وا لە رۆمان بکات،( ببێتە هونەرێکی مێژوویی تەواو، شۆڕبێتەوە بەرەو ناخی رووداوەکان لە چوارچێوەی کات و شوێندا بەرجەستە بێت، وەك رووداوێکی هەستپێکراو دوور لە ئەندێشە، چونکە بنیاتی ئەندێشەیی پەیوەستە بە زمان و هێما و واتاکان، لەوانەیە ئەو تایبەتمەندییەی رۆمان پەیوەست بێت بە کاتی بوونی، ئەمەش وادەکات ببێتە تێکستێکی تۆمارکراو بۆ مێژوو، وابکات مێژوویێکی راستەقینە بخاتە نێو ماددەیەکی ئەندێشەکراو، بە شێوەیەکی هونەریی باس لە رووداوەکانی مێژوو بەپێی رێکخستنی بکات).(صیداوی، 2008: 96). یەکێك لە توخمە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی بنیاتی رۆمان بریتییە لە رووداو، کە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین و بڵێین، رووداو بریتییە لە (زنجیرەیەك لە کردار و رووداو، یان لە کۆمەڵێك رووداو کە هێڵی چیرۆکەکە لە ئاستی کردەیی گێڕانەوە پێکدێنێ) (مانغرێت، 2011: 101) ، نەك هەر جۆرەکانی ئەدەب و لەنێویشیاندا رۆمان، ناتوانن گەشە بکەن و واتاو بەهایەکی مەنتیقی و زانستی و ئەدەبییان هەبێت بەبێ بوونی رووداو، چونکە کارە ئەدەبییەکان بە گشتی و کارە چیرۆکئامێزەکان بە تایبەتی بریتین لە گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤ لە کاتە جیاوازەکاندا، بەم شێوەیە ((رووداو خاڵی سەرەکی پێکهێنەری ژیانە و بەبێ ئەو رووداوانە ژیان واتایەکی ئەو تۆ لەخۆ ناگرێت... رووداو، رەگەزێکی گرنگی رۆمانە بەبێ بوونی، رۆمان مانایەکی ئەو تۆی نامێنێ، رووداو گشت رەگەزەکانی دیکەی رۆمان لەخۆ دەگرێت و هەموو ئەو رەگەزانە خۆیان لەنێو چەقی رووداوەکەدا دەبیننەوە)) (عەبدوڵڵا، 2009: 85)، ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابردووی هەر میللەتێك بدەینەوە، دەبینین، کە مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەو کارەسات و ڕوداوانەی کە ڕویانداوە لە زەمەن و کاتی

دروستبوونییەوە تاکو ئەم سەردەمەی کە تیایدایە، سەرجەمیان تۆمارکراون و بونەتە مێژوو بۆ ئەو گەل و نەتەوەیە، کە بە ناسنامەی ئەو گەلە دادەنرێت، چونکە هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە ساتی لەدایکبونییەوە خاوەن ناسنامەی خۆیەتی، هەر بۆیە ((مرۆیی بەرای کە لەچاخی کۆندا ژیاوە پەیوەندی ڕاستەو خۆ و چەسپاو بەهێزی هەبووە بە بارو دۆخی مرۆڤ لەکاتی ئێستادا)) (مەندەلاوی، 2009: 80). بەهەمان شێوە هەموو گەل و نەتەوەیەکیش مێژووی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر بێتو سەیری مێژووی هەر نەتەوەیەك بکەین، ئەوا کۆمەڵێك لایەنی باش و خراپی تێدا بەدیدەکرێت، هاوکات لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕۆژگارو مێژوو، کۆمەڵێك ڕووداو ڕوودەدەن، جا ئەم ڕوداوانە خۆویست یان سەپێنراو بن لەلایەن دوژمنان و ناحەزانەوە، لە ڕۆژگاری هەر میللەتێکدا مێژوو تۆماری دەکات، هیچ میللەتێکیش نییە، دەستی ڕەشی دووژمنانی پێنەگەیشتبێت، کوردیش یەکێکە لە قوربانییەکانی دەستی وڵاتانی داگیرکەر، دوژمن ڕۆژی ڕوناکی لێکردووە بە شەوەزەنگ، بەدرێژای مێژوو خاکی کوردستان بووە بە شوێنی چاو تێبڕینی وڵاتانی دراوسێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی خاکی کوردستان بە سامانی سروشتی وەك نەوت و کانزاکان، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمێکی گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، خاکەکەی بەپیتە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، هەروەها هەڵکەوتەی ناوچەکەی، کە دەکەوێتە نێوان هەر چوار دەوڵەتی (ئێراق، ئیران، تورکیا، سوریا)، کەواتە هەر بستێکی ئەم خاکە خۆی لە خۆیدا گەنجینەیەکی بەنرخە، ئەمەشە وایکردووە هەمیشە ببێتە جێی سەرنجی ناحەزان و گورگ ئاسا بکەونە گیانی خاکی کوردان، بەهەر نرخێك بێت لەژێر دەستی کوردان دەریبێنن، بەڵام کورد لەوە چاونەترسترو خۆڕاگرتر بووە، کە دوژمنان بیریان لێکردۆتەوە، کورد هەمیشە سینگی کردووە بە قەڵغان بۆ پاراستنی خاك و نیشتمانەکەی، ئەگەر چاوێك بە مێژووی ساڵانی(60)ی سەدەی بیستەم بەدوواوە بخشێنینەوە، دەبینین، مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتی و ماڵوێرانی و کاولکاری تێدا بەدیدەکرێت، دەستی ڕەشی دوژمن باڵی بەسەر تەواوی ژیانی تاکی کورد کێشابوو، ئەم نەهامەتیانەی لەو ماوەیەدا بەسەر کورددا هاتوون، سەرجەمیان بە فەرمانی (سەدام حسێن) دەرچووە، وەك بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی هاووڵاتیانی کورد، ڕاگواستنی سەدان هەزار کەس لە دانیشتوانی گوندەکان دوای وێرانکردنی گوندەکانیان و ڕگواستنیان بۆ ناوچەکانی دوور لە زێدی خۆیان، ئەو سەردەمە لە مێژووی کورددا بە سەردەمێکی تاریك دادەنرێت، چونکە تەواوی یاسا مرۆییەکان لەو سەردەمەدا بەرامبەر تاکی کورد پێشێلکراون، دەستیانکردووە بە گرتن و کوشتن و لەسێدارەدان و گوللە بارانکردن و تەنانەت سوکایەتیکردن بە ئافرەتەکان و دەستدرێژی کردنە سەریان، جگە لەمانە کاولکردن و وێرانکردنی هەزاران لادێ و خاپورکردنیان بەناوی گڵدانەوەی پێشمەرگە، پێشمەرگەش تاکە تاوانی بەرگریکردن بووە لەخاك و نیشتمان، لای ڕژێمی بەعسیش بەرگریکردن لە خاکی کوردستان گەورەترین تاوان بووە، کە لێخۆشبونی نەبووە، شایەنی سەرپەڕاندن بوو، بەخائین ناوی دەبردن، دیارە ئەو ڕووداوە بەجوانی لە ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە)دا ڕەنگیداوەتەوە، نووسەر بەئاگایی و مەبەست ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت:((هاوڕاز دوای ئەوەی سواری هێسترەکە بوو ڕوو لە پشتەوە تا لە چاو ون بوون چاوی لەسەر عوزێر و مهتابی تاکە هاوڕێی دڵسۆز و خۆشەویستی نە گواستەوە، کابرای خاوەن هێستر لە پێشەوە ڕێشمەکەی گرتبوو نەی دەویست جڵەوی هێسترەکە بەربداو بە ئارەزووی خۆی ڕێبکا چونکە لە هەر ڕەوینەوەیەکدا لەوانەبوو هاوڕاز لەسەر هێسترەکەوە بپەڕێتە خوارەوە. بەو شێوەیە دوای دەیان کاتژمێر کابرای قاچاغچی هاوڕازی گەیاندە نزیك ئەو شارو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەی ڕژێمی بەعس بۆ کەمکردنەوەو داڵدەنەدانی پێشمەرگە و شۆڕش دروستی کردبوون...)) (حەمەد، 2016: 173). ئەوە ئاماژەیە بۆ زۆر شت، وەکو ڕاگواستن لە شوێنی ئەسڵی خۆی و وێرانکردنی لادێکان و حەرامکردن و قەدەغەکردنی سەردانی ئەو شوێنانە، کە چۆڵکراون و...تاد، هەروەها نووسەر لەنێو ڕووداوەکان زیاتر باسی ڕووداوی ماڵوێرانی و کوشتوبڕ و کارەساتبارەکانی کردووە، کە ئەمەش بە ڕێکەوت نییە و مەبەستی لەپشتە، چونکە ((گێڕانەوەی ڕووداوە توندوتیژەکان چێژبەخش ترن، هۆکاری ئەمەش لای دەروونناسانە و، ئەوان ئەتوانن لە رووی باری سایکۆلۆژی کەسەکانەوە روونی بکەنەوە، بەوپێیەی زۆرجار ڕووداوێکی بچووك دەرەنجامێکی گەورەی دەبێت یان بەپێچەوانەوە)) (خەیات، 2011: 23). ڕووداوانی زۆر گەورە دەرەنجامێکی ئەو تۆیان نەبووە، لێرەدا نووسەر نەهاتووە بەدورو درێژی باس لە نەهامەتی و ماڵوێرانییەکانی نەتەوەی کورد بکات، تەنها بابەتەکانی وروژاندووە و هێناونیەتە نێو باسوخواسەکان و شتێکی کەمی لێ باسکردوون، چونکە ویستویەتی خوێنەر خۆی بەدوای ڕوداوەکانی پشت ئەم شوێنەوارانەدا بگەڕێت، کە بەچەند دێڕێکی کورت لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێداوە، بۆ ئەوەی خوێنەر پرسیاری لا دروستبێت و بۆ خۆی بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت، کە سەبارەت بە نەتەوەکەیەتی، بەڵام لە چەند دێڕێکدا ئاماژەی بە شوێنەوارەکان کردووە، جگە لەمانەی کە پێشتر باسیان لێوەکرا ڕژێم بەوانەش نەوەستا، بەڵکو تاوانێکی ئەوەندە گەورەی ئەنجامدا، کە لەهیچ بەیاننامەیەکی تایبەت بە مافی مرۆڤ جێگەی نابێتەوە، ئەویش ئەنفالکردنی تەواوی چینەکانی کۆمەڵگەیەکە، بەبێ گوێدانە ژن و پیاو و منداڵ و بەتەمەنەوە، ژمارەیەکی زۆریان لەنێو چون، بەم شێوەیە((وەك دیارە پلان و ستراتیژی حیزبی بەعس لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دژ بە دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان خواستی سڕینەوەو ونکردنی ناسنامەو کەلتوری گەلی کورد بوو،

بەڵام نەك لە ئاستی ناوچەو گوندەكاندا بەڵكو لە ئاستی تێكڕای نەتەوەی كوردا)) (ابراهیم، 2008 :177)، بەهۆی ئەو پلانە نەگریسەش هەزاران كەسی بێتاوان بوونەتە قوربانی، هەروەها هەزاران كەس دیكەش بەهۆی كیمیابارانی هەڵەبجەو شوێنەكانی دیكەی كوردستان لەنێو چوون، ئەو كەسانەشی، كە ڕزگاریانبوو هەندێكیان توشی نەخۆشی دەرونی بوونە بەهۆی بینینی ئەم كارەساتەو لەدەستدانی كەسوكارەكانیانەوە، ئەگەر بێتو باس لە دڕندێتی ڕژێمی بەعس بكەین بەرامبەر بە كورد، نەك بەچەند كتێبێك بگرە بە سەدان كتێبیش تەواو نابێت، كە دەرهەق بە كورد ئەنجامیداون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كورد چۆكی بەرامبەر ئەو زۆرداریيانە دانەدا، بەخۆڕاگری شۆڕشگێڕان و بەتوانای پێشمەرگە و جەماوەر، توانیان ڕاپەڕینێكی سەرتاسەری ئەنجامبدەن، كە سەرجەم چینەكانی كۆمەڵگە بەشداریان تێداكرد، بە ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیرەوە ڕژانە سەر شەقامەكان، توانیان سەركەوتن بەدەستبێنن و خۆیان لە ژێردەستەیی و كۆیلایەتیی دەربهێنن و ئازادی بێننە ئاراوە، كۆتایی بە زوڵم و زۆرداریی ڕژێمی بەعس بێنن، تائێستاش میللەتی كورد ئازایانە بەرگری لەخاك و زمان و كلتوور و داب و نەریتی خۆی دەكات و دەیپارێزێت و شانازی پێوە دەكات.

مرۆڤ هەمیشە لەو ساتەوەختانەی ژیانی تێدا دەگوزەرێنێت، دەیەوێت بۆ كات و شوێنێكی دیكە رابكات، دەكرێت ئەم راكردن و هەڵاتن یان پەنابردن بۆ كات و شوێنی دیكەی جیاواز لەو كات و شوێنەی ئێستا، ناوی بنێین داهاتوو و رابردوو،(كاتێ مرۆڤ بەهیواو ئاوات دەژی و دەیەوێت ئەو كار و پرۆژانەی لە مێشكی دایە جێبەجێیان بكات، ئەوا لەو كاتەدا چاوی دەبڕێتە داهاتوو، بۆ ئەوێ دەڕوات و هەوڵی بۆ دەدات، ئایینەكان زۆر سوودیان لەم بنەمایە وەرگرتووە و كاری لەسەر دەكەن، بەڵام دەبینین لە كاتێكی دیكەدا مرۆڤ بۆ كات و شوێنی رابردوو دەگەڕێتەوە و پەنای بۆ دەبات، ئەمەش بەزۆریی لە كاتی بێ ئومێدی و بێ هیوایی و بەزین و روخان رووددەدات، بۆ نموونە كاتی شۆڕشەكان سەردەكەون و جەڵەوی دەسەڵات دەگرنە دەست، بەڵام دوایی ئەوە دەستەوەستان دەبن لەبەردەم جێبەجێكردنی پرۆژە و بەرنامە و گفت و بەڵێنەكانییان، كە لە رابردوو بە خەڵكیان دابوو، ئەوا لەو كات و شوێنەدا دەگەڕێنەوە بۆ رابردوو و پەنا بۆ رابردووی خۆیان دەبەنەوە، رۆژگارە گەش و پڕشنگدارەكان وەبیر خەڵكی دێننەوە و پێیان دەفرۆشنەوە) (كوردۆر، 2009: 267). پەیوەندی نێوان شوێن و مرۆڤ، پەیوەندییەكی دووروودرێژ و پڕ لە هەڵكشان و داكشان و جەدەلییە، چونكە هەر ((لەو كاتەوەی مرۆڤ خۆی لەسەر ئەم زەوییە دیوەتەوە تا ئەمڕۆ، هەوڵیداوە پەیوەندییەكی گونجاو و لەبار لەگەڵ ئەو شوێنەی كە لێیدەژی دروستبكات، مرۆڤ و شوێن بوونەتە دوو رەگەزی یەكتر تەواوكەر، هەردووكیان پەیوەست بە یەكترن و هاوكات یەكتر تەواو دەكەن)) (محەمەد ساڵح، 2011: 25). هەروەك ئاشكرایە، مێژووش ئەوەی سەلماندووە، كە كورد نەتەوەیەكی دێرینەو خاوەن شارستانییەتێكی دەوڵەمەندە، خاك و نیشتمانی تایبەت بە خۆی هەیە، هەمیشە بۆ مانەوە لە ژیان هەوڵیداوە شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە بۆ خۆی دابینبكات، تا تیایدا بسرەوێت و ژیان بەسەر بەرێت، ئەم شوێنانە بەتێپەڕبوني كات بوونە بەشوێني مێژوویی، وەك ئاسەوارێك ماونەتەوەو پارێزگاریان لێدەكرێت، هەروەها خاوەن چەندین شوێنی گرنگی مێژووییە، لانكەی دەركەوتنی مرۆڤی سەرەتاییە، كە شوێنی دەركەوتنیان دەكەوێتە سەر خاكی كوردان، هەموو ئەو شوێنانەش دەكرێت وەك كەرەستەیەكی بایەخدار لەنێو رۆماندا رەنگبدەنەوە و سوودیان لێوەربگیرێت، چونكە ((شوێنی مێژوویی لەو رۆمان و چیرۆكانەدا رەنگدەداتەوە، كە مێژووی قۆناغێك لە قۆناغەكانی مێژووی كۆمەڵ دەگێڕنەوە)) (ئیسماعیل، 2009: 42)، بۆ نموونە چەند گوندێك كە سەرەتای ژیانی مرۆڤی سەرەتایی تێدا گوزەراوە وەكو شوێنەواری مێژوویي دەكەونە نێو خاكی كوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە كورد خاوەن شارستانیەتێكی دێرین و خاوەن شوێنەواری گرنگە، هەروەها چەندین شوێنی دیكەی مێژوویی هەن، وەك مەزارگە و مزگەوت و كڵێساو شوێنە پیرۆزەكان و گۆڕی پیاو چاكان، كورد وەك نەتەوەیەكی پابەندبوو بە ئایینەوە ئەم شوێنانەی بە پیرۆز زانیوە، بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی و ناڵبون سەردانیانكردوون، تاكو ئێستاش بەچاوی ڕێزەوە سەیردەكرێن، بەمشێوەیە(( لە كوردستانیش، وەك زۆربەی شار و شارۆچكەكانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، زیارەتكردنی گلكۆ و مەرقەد و مەزاری پیاوچاكان، نەریتێكی كۆنە)) شەورۆ، 2017: 205). ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باس و خواسی ڕۆمانەكەمان، ئەوە بەڕونی بۆمان دەردەكەوێت، كە نووسەر ئاوڕی لەو بابەتانەش داوەتەوە و لەنێو بابەتەكەی مەزراندویەتی، كە دەڵێت:((دەڵێن جوابی كەس ناداتەوە خواردن ناخوات دەشڵێن دەمێك دەگری و دەمێك پێدەكەنێ داماوە تواوەتەوە هەروەك بەفر تواوەتەوە و بە زەویدا چۆتە خوارێ بەس ئێسك و پێستی ماوەتەوە دەتوانی یەك یەك پەراسوەكانی بژمێری، پورە خاتونی دایكی شەورۆژ لە تاوی دەگری و لەپاش هەموو نوێژە درێژەكانی بە هەنسك و گریانەوە بۆ چاكبوونەوەی لە خودا دەپاڕێتەوە. دەڵێن مام تەهای باوكیشی لەلای مەلا شەمسەدینی چۆمباریك نوشتەشی بۆ كردووە بەڵام خراپتر بووە چاكتر نەبووە، هەروەها دەشڵێن بەتەمان بیبەن بۆسەر مەرقەدی ئەسحاب عەرەبی جەنگەڵان كەمەرقەدێكی گەورە و پیرۆزە...)) (حەمەد، 2016: 9). لێرەدا باسی بیروباوەڕ و كلتووری كۆنی كوردەواریی خراوەتەڕوو، كە لەكاتی نەخۆشكەوتن و و كێشە كۆمەڵاتییەكان و...هتد چون هەڵسوكەوت دەكەن و چۆن چارەسەر بۆ ئەو كارانە دەدۆزنەوە، ئەمانەش هەمووی بوونەتە كلتووری نەتەوەكەمان. جگە لەمانە چەندین قەڵا و شورا هەن، كە

لە دێرین زەمانەوە دروستکراون و ژیانیان تێدا بەسەربردووە، ئەوانیش وەکو قەڵاو شوێنەوارە دێرینەکان، دیارە ئەو شوێنەوارانەش بەشێکن لە کلتوورە، بۆ نەموونە قەڵای هەولێر، کە(( شوێنەوارناسان و مێژووناسان شاری هەولێر و قەڵای هەولێر بە کۆنترین ناوچەی زیندو و ئاوەدان دادەنێن کە بەردەوام و بێ پچران ژیانی تیابووە و تاکو ئیمرۆش ئاوەدانە)) ( لەیلان، 2010: 13)، ئەمە و چەندین نموونەی دیکەی هاوشێوەی وەکو ئەم قەڵایە لە کوردستان بەرچاو دەکەون. لەگەڵ ئەمانەشدا مرۆڤ (دیوەخان)ی بەکارهێناوە، دیوەخان ئەو شوێنە مێژووییەیە، کە ئاغاو پیاو ماقوڵان تەنانەت کەسانی ئاسایش تیایدا کۆبوونەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و دانانی ڕێگە چارەسەرێکی گونجاو، یاخود بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و گاڵتەوگەپ و گێڕانەوەی داستان و گوتنی حەیران و بەند و گۆرانی، بەم شێوەیە کاتەکەیان لەنێو دیوەخانەکان بەسەر بردووە، ئەم شوێناشە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لەنێو شوێنەکانی نێو ڕۆمانەکەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە و سوودیان لێوەرگیراوە.

**باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینیان و حیکایەتی میللی و گاڵتەوگەپ**

هەروەك ئاشکرایە کە فۆلکلۆر بەشێکی گرنگی کلتوور پێکدێنێت، کە زیاتر لە شتە مەعنەوی و زارەکییەکان پێك دێت، فۆلکلۆریش لەچەند فۆرمێکی جیا جیادا خۆی دەنوێنێ وەکو: ئەفسانە، داستان، خورافە، حیکایەت، گاڵتەوگەپ، پەندی پێشینان، مەتەڵ، حەیران، لاوك،و...هتد. لێرەدا لە دوو تەوەردا هەندێ لەو بابەتە فۆلکلۆرییانە وەك بەشێکی کلتوور ئاماژە پێدەدەین. پەندی پێشینیان بەرهەمی مرۆڤی سەردەمانی کۆنن، هەروەها لقێکیشن لە لقەکانی دەریا فراوانەکەی فۆلکلۆر، قسەی سەرزاری خەڵکی ئاساین، بەشێوەی سەرزارەکی لەکەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە دەگوازرێنەوە، خاوەنەکانیان دیارنین و کۆمەڵگە خاوەنیەتی، چونکە بەشێوەی نووسراو نییە و سەرزارەکییە، بۆیە خاوەنەکانیان دیارنییە و ناتوانین خاوەنەکەی دەستنیشان بکەین، کەواتە پەند ((گوتەیەکی ڕێك و ڕەوانی هونەری گشتییە یان تاکە وشەیەکی لێکدراوە شوێنی پەندێك یان قسەیەکی نەستەقی تەواو دەگرێتەوە. پەند هەیە ڕاستەوراست واتاکەی دەدات بە دەستەوە هەشە وردبوونەوەی دەوێت)) (علی، 1980:6). گەلی کورد لەبارەی پەندی پێشینیانەوە زۆر دەوڵەمەندە، لەم بارەیەوە پێگەیەکی گەورەی هەیە، ئەگەر بێین لە پەندی پێشینیان ورد بینەوە دەبینین، پەندی پێشینیان چەند قسەیەکی پڕواتا و کورت و پوخت و جوانن، کە واتایەکی بەرزی هەیە، ئەم پەندانە لە ڕۆژگارێکی کۆنەوە وەك فۆلکلۆر بۆمان ماونەتەوە، لەم پەندانەدا چۆنییەتی ژیان و ڕەوشت و بیروڕای کۆنی نەتەوەی کوردمان بۆ دەردەکەوێت، لەبارەی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری و دڵداری و...هتد. جا ئەم پەندانە، کەسێك کارەسات یاخود ڕوداوێکی بینیوە، ئەو کەسە چەند قسەیەکی کورت و واتاداری گوتووە بەرامبەر بەو ڕووداوە یان کارەساتە، لەدوایدا کەوتۆتە سەرزاری خەڵکانی دیکە و ئەوانیش گێڕاویانەتەوە، کەواتە(( سەرچاوەی گشت پەندێك سەرەتایەکی هەیە بۆ چیرۆك و کارەسات و ڕووداو و لێ قەوماێك دەگەڕێتەوە ئەو کورتە چیرۆکانە پیاوەژیرەکان کاکڵەکەیان بە پێی کات و بەسەرچوونی لە قالبێکی جواندا داڕشتوە)) ( علی، 1980: 7). بەم شێوەیە بەتێپەڕبوونی کات بووە بە پەند، پەندی پێشینیان وەك بەشێك لە پەخشان لە زمانی ئەقڵ و ژیرییەوە نزیکە، تاڕادەیەك هەست و سۆز کەمتر بەکاردێت، واتە پەند هەڵقوڵاوی زادەی بیرە، هەروەها ئەم پەندانە پڕیەتی لە دەرس و ئامۆژگاری، هەرچندە پەندەکان لە سەردەمانی کۆن وتراون، بەڵام بۆ هەموو سەردەمێك گونجاون، جا پەند هەیە، کە لەسەرزاری مرۆڤەو بۆ مرۆڤ وتراوە، هەندێکی دیکەمان هەیە لەسەرزاری ئاژەڵانەوە گێڕدراونەتەوە،(نەجم ئەڵوەنی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ( پەندەکان دەکرێن بە دووبەشەوە، یەکەمیان ئەو پەندانە دەگرێتەوە کە لەسەرزمان مرۆڤ گوتراون. جۆری دووەمیان ئەو پەندانەن کە لەسەرزمانی ئاژەڵ و پەلەوەر و گیاندارانی هەمەجۆر وتراون) (ئەڵوەنی، 2007: 76). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پەندەکان جگە لەوەی وەك ئامۆژگاریی سودیان لێوەردەگیرێت، بۆ گاڵتەکردن و ڕەخنەگرتن لەو بارودۆخەی کە مرۆڤ تێیدادەژێت بەکاردێت، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگەیە لەهەر دیاریدە و ڕوداوێکی نەخوازراو، زۆربەی جاریش لەسەرزاری ئاژەڵان گێڕدراوەتەوە، وەك ئەم نمونەیە، کە دەڵێن: (بەڕێویان گوت: کێ شاهێدتە؟ وتی: کلکم)، واتە مرۆڤ بەپێی ئەو ژینگەیەی، کە تێیدا ژیاوە ئەو ئاژەڵانەی لەو ژینگەیەدا هەن پەند بەزاریان گێڕدراوەتەوە، مەبەست لەمە ڕاڤەکردنی باری کۆمەڵایەتی و دیاردە سروشتییەکانە، کە بە پێی بیروبۆچونی خۆیان ڕاڤەیانکردوە، نووسەر بەشێوەیەکی زۆر جوان پەندێکی تێکەڵ بە ژیانی کۆن کردووە، لەگەڵ ژیانی ئەو کاتدا گونجاندویەتی، ئەو پەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە و لەنێو دیالۆگی یەکێك لە کارەکتەرەکان بەکاریهێناوە و بەبێ دەسکاری و گۆڕانکاریی، کە دەڵێت: ((ڕەنگە ببمە بەختەوەرترین کەسی دنیا ئەوەندە دڵخۆش بم شا بەسەپانی خۆم نەزانم )) (حەمەد، 2016: 12). لێرەدا نووسەر باس لەو ژیانە دەکات، کە مرۆڤی کۆن تێیدا ژیاوە، هەروەها نووسەر جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگەمان پییشاندەدات، کە مرۆڤ چۆن هەوڵیداوە ژیانی خۆی بگۆڕێت و بەرەو ژیانێکی باشترو شایستەتری بەرێت، لەکۆندا جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا، کە چۆن چینە بەرزەکەی کۆمەڵگە مەبەست لە ئاغاو دەرەبەگەکانە،

چینە هەژارەکانیان چەوساندۆتەوە، کردویانە بە خزمەتکارو سەپان و کاری بەردەستی خۆیان پێکردوون، جگە لەمانە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا ژیاون، بە پێچەوانەی چینە هەژارەکە، کە هەمیشە بە برسیەتی و هەژاری ژیانیان بەسەربردووە، هەمیشە هەوڵیانداوە بەدەست و بازوی خۆیان قووتی ماڵ و منداڵەکانیان دابین بکەن، لە چەند شوێن و هەڵوێستێکی دیکەدا نووسەر پەندەکانی دەسکاری کردووە و دووبارە دیڕشتوونەتەوە، بەڵام بەهەمان مەبەست و واتای بنەڕەتی خۆیان بەکاریهێناون، کە ئەمەش جۆرێك لە جوانکاریی پێبەخشیون، بۆ نموونە لە سەرزمانی کارەکتەرێك وەك دیالۆگێکی ئاسایی ئەو پەندەی خستۆتەڕوو کە دەڵێت: ((عەزابی قەبری خۆشترە لە لۆمەی عەبدی)) (حەمەد، 2016: 33)، کە واتای ئەوە دەدات مرۆڤ هەرگیز ڕێگە بەوە نەدات کە چاوشۆڕی مرۆڤەکان بێت، ئەگەرچی لەو پێناوەدا دووچاری گوناهیش بێتەوە و لە دوارۆژ و لەو دنیا خوای گەورە لەبەرامبەر ئەو گوناهە سزای بدات، خۆشترە لەوەی کە هەموو رۆژێك خەڵکێکی هەڵپەرست و بێ هەڵوێست سزای دەروونیت بدات، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((رەنگە دەستی ماندوی بخاتە سەر سکی تێر و خەوی لێبکەوێ...)) (حەمەد، 2016: 50)، کە لەو پەندە کوردییە وەرگیراوە کە دەڵێت:(دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە)، واتە ئەگەر ماندوو بووی و رەنجتدا ئەوا تێر بە سکی خۆت دەخۆی لەژێر سێبەری ماندوو بوونەکەتدا دەحەسێیتەوە و بەری رەنج و ماندووبوونەکەت دەخۆی، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەوڵ و ماندوو بوونت فەرامۆش کرد ئەوا چاوەڕوانی ئەوش بکە، کە برسییەتی و موحتاجی ناکەسان بەشتدەبێت، هەروەها لە هەڵوێستێکی دیکەدا گێڕەرەوە پەندێکی کوردی دەخاتەڕوو، بەڵام هاتووە بەهەمان واتای خۆی دووبارە داپڕشتۆتەوە و دەڵێت:((دەڵێن مەلەوانی چاك و تەواو ئەو کەسەیە کە لە دەریادا مەلەدەکات..)) (حەمەد، 2016: 94)، ئەوەش لەو پەندە کوردییە وەرگیراوە کەدەڵێت (گۆم تا قووڵ بێت مەلەی خۆشترە)، دیارە نووسەر سوودی لەو پەندە وەرگرتووە و زۆر بەجوانی لە شوێن و هەڵوێستێکی گونجاودا داپڕشتۆتەوە.

**حیکایەتی میللی:** وەك ئاشکرایە حیکایەتی میللی لە ئەدەبی فۆلکلۆری جیهانی و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا شوێن و پێگەیێکی بەرزی هەیە، بەشێکی گرنگی ئەو ئەدەبەیە، حیکایەتی میللی ئەو ڕوداوە یاخود کارەساتەیە، کە لەلایەن کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە، کە ڕوداوێکی واقعی لە پشتەوەیە، ئەو کەسەی کە ڕوداوەکەی بینیوە دەیگێڕێتەوە، لەپاشان دەکەوێتە سەرزاری خەڵکی، وەك حیکایەتێکی میللی سەیردەکرێت، جاری واش هەیە، کە شتی ئەفسانەیی و خەیاڵیشی تێکەڵ دەکرێت، بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی حیکایەتەکە، تا لەکاتی گێڕانەوەکەدا چێژی زیاتر بە گوێگرەکان ببەخشێت، دیارە ئەو حیکایەتانە جگە لەوەی ئەو سوودانەیان هەیە، بوونەتە رێنیشاندەر بۆ نووسەران، بۆ ئەوەی لە روانگەی ئەوان و بە پەیڕەوکردنی ئەو بنەماو بنیاتانەی لەوێدا هاتوون ئەوانیش چیرۆك و بابەتی دیکەی چیرۆك ئامێز داپڕێژن، لەبەرئەوەی ((ئەگەر سەرنجی هەقایەت و ئەفسانە و داستانە کۆنەکانمان بدەین هەست بەمە دەکەین کە گیانی چیرۆکنووسی و نەسقی گێڕانەوە و بیرۆکە و سەرەتا و کۆتایی و گرێ چن و بگرە زۆربەی زۆری رەگەزەکانی چیرۆك لەم دەقە فۆلکلۆرییانەماندا دەبینرێن)) (ڕەشید، 2005: 55)، کەواتە ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانە بوونەتە رێنیشاندەر و دەروازە و دەستپێك بۆ بەرهەمە ئەدەبییە نووسراوەکان. نووسەریش چەند کورتەحیکایەتێکی لەو چەشنەی بەکارهێناوە.

گاڵتەوگەپیش چەند قسەیەکی کورتە، بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە، گیانی پێکەنینی کراوەتەبەر، ئەو قسەیەی، کە بەشێوەی گاڵتەوگەپ دەوترێت، بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەتییە، یاخود بۆ ڕەخنەگرتنە لەو دیاردە و ڕووداوانەی تا ڕادەیەك لە کۆمەڵگەدا پەسەندکراو نین، بۆیە بەشێوەی گاڵتەوگەپ بەکاردێت، بەمشێوەیە(( گاڵتەو گەپ چەشنێکی زۆر بە نرخی سامانی نەتەوەیی و ئەدەبی سەر زاری خەڵکە وە یەکێکە لەو چەشنە ئەدەبانەی کە شەقڵی سەردەم و شوێن و کاتی خۆی پێوەیە)) (موکری، 1984:80) ئەو شێوەیەش بۆ ئەوەیە کە گوێگر دەروونی ئارام بێتەوە، چونکە پێکەنین و گاڵتەوگەپ دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی خەم و پەژارە بۆ دانانی ڕێگەچارەیێك بۆ کێشەکان لەڕێگای بەکارهێنانی هونەری گاڵتەوگەپەوە، چونکە((گاڵتەوگەپ وەك هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی هەندێك تایبەتمەندی هەیە لەوانە: ڕەنگە گرنگترین تایبەتمەندی لەوەدابێ، کەوا گوێگر لەناکاوێکدا هەست بە بیرێك دەکا، کە لەلای دیارنەبووە و پێکەنین دروست دەکات و پێکەنینەکەش ئەوها بێ کە فرمێسکێکی بە گوڕی بە چاوەکاندا بێنێتە خوارەوە)) (حەسەن، 2012: 156). هەندێك جار ئەم گاڵتەوگەپە لەسەر زاری کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەو کەسایەتییە بەدیاردەخات و دەیناسێنێت، بۆ نمونە: (مەلای مەشور) بە کەسێکی قسەخۆش و گاڵتەوگەپ ناسراوە، هەروەها دانایی و زیرەکی (بەهلوول)، کە بەشێوازێکی گاڵتەجاریانە رەخنەکانی دەخستەڕوو، ئەمانە کەسایەتی ناسراوی نێو ئەدەبی فۆلکلۆری و گاڵتەوگەپی کوردین، هەروەها نووسەریش ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، باس لە ڕوداوێکی نێو دیوەخان بە شێوەی گاڵتەوگەپ دەکات، لەم بارەیەوە نووسەر دەڵێ:((حەسەن بەسێ کە پیاوێکی نوکتەباز و قۆشمەچی بوو شەوێك لە شەوارەی ماڵی فەقێ میرزای خەرمانان بایەکی لێدەبێتەوە پاش تۆزێك هەست دەکا بۆنەکەی ناخۆش بووە و خەڵکی

پێهەراسان بووە خۆی تێك ناداو یەكسەر ڕوو دەكاتە غازی هەمبانە، كە بەرامبەری چوارمەشقی دانیشتبوو پێی دەڵێ: غازی ڕەحمەت لە بابت بۆنی گۆڕیەكانت دیوەخانیان پڕكردووە ڕەنگە خەتای پێڵاوە لاستیكەكانت بێ، غازی پێشتر دڵنیابوو لەوەی ئەوە بایەو لەیەكێك بۆتەوە ڕەنگە ئەو یەكەش هەر حەسەن بەسێ خۆی بێ، لاقەكانی لەبن ڕانی خۆی دەردێنێ و پاش ئەوەی نیشانی هەموانی دا، كە گۆریەی لەپێ نییە تا بۆنی بێ، ئەم بۆنەش لەوە دەچێ لە درزی دەرپێ قوتەوە دزەی كردبێتە دەرەوە)) (حەمەد، 2016: 9، 10). لێرەدا نووسەر بە مەبەست ئەم ڕوداوەی لە سەرزاری كەسانی نێو دیوەخان گێڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی كەش و هەوای نێو دیوەخانمان بۆ بگوازێتەوە، كە چۆن بە قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ كاتەكانیان پێ بەڕێكردوە، لەهەمان كاتدا كەسایەتییەكمان پێ دەناسێنێت، كە كەسێكی قۆشمەچییە كەشی نێو دیوەخانی خۆشكردووە بەناوی (حەسەن بەسێ).

**باسی چوارەم:ڕەنگدانەوەی ئەفسانەو خورافیات**

ئەفسانە ئەو چیرۆك و حیكایەتە كۆنانەن، كە پاڵەوانەكانی نائاسایی و دێو و درنج و ئەجندەن، ئامێری جادوویی پڕ هێز و ئامێرە سەیرو سەمەرەكان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، هەروەها ئەفسانە ئەو هیواو ئاواتانەن، كە مرۆڤ لە دنیای واقعدا پەی پێنابات و دەستی ناكەوێت، بۆ پڕكردنەوەی ئەم لایەنە پەنا دەباتە بەر ئەفسانە و خورافیات، تا لەو ڕێگایەوە زانیاری دەربارەی شتەكان بزانێت، كەواتە ئەفسانە بەرهەمی زادەی مرۆڤە لە سەرەتادا، ئەفسانە بۆ كارەساتە سروشتییەكان بەكارهاتووە وەك ڕۆژگیران، مانگگیران، كە نەتەوەی كورد زۆر بەو دیاردە سروشتیانە كاریگەر بووەو خستوونیەتە چوارچێوەیەكی ئەفسانەییە و بەو چاوە سەیری كردووە، لەبەئەوەش بووە كە(( مرۆڤی كورد، هەموو گۆڕانەكانی مانگی بە چاوی ئەفسانەیی سەیر كردووە،و شیكردنەوەیەكی ئەفسانەییشی بۆ كردووە)) ( حەسەن، 207: 132). هەتا ئەوەی لە كاتی دیاردەیەكی وەكو ڕۆژگیران هەڵوێستێكی سەیر و چاوەڕوان نەكراو دەنوێنێ لەبەرئەوەی(( كاریگەریی خۆرگیران، هێندە بە هێز بووە لەسەر ماد و لیدییەكان، شەڕێكی درێژخایەنی پڕ كوشتن و خوێنی ڕاگرتووە)) ( حەسەن، 207: 134). بەهەمان شێوە دیاردە سروشتییەكانی دیكەشی لێكداوەتەوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە مرۆڤی سەردەمانی كۆن لە نهێنی ئەم ڕووداوە سروشتییانە تێنەگەیشتووە، بۆیە پەنایان بردووە بۆ دروستكردنی ئەفسانە، جۆرە چیرۆكێكیان دروستكردووە، بۆ ئەوەی خۆیان لە مەترسی ئەو ڕووداوانە بپارێزن، كەواتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ دروستبونی مرۆڤ ئەفسانەش دروستبووە، چونكە(( زانای وا هەبووە كە ئەفسانەی بە مێژووی ڕەگەزەكانی ئادەمیزادەوە بەستووەتەوە)) ( ابراهیم، 1986: 13). بەرەبەرە ئەفسانەش دروستبووە و سەریهەڵداوە، ئەفسانە پێكهێنەرێكی سەرەكی كلتووری هەموو گەلانە، لە ڕێگەی ئەفسانەوە زۆر بابەت كە مێژوو تۆماری نەكردووە، دەكرێ لەم ڕێگەیەوە بدۆزرێنەوە، هەروەها لەم ڕێگەیەوە دەتوانین بەدوای شێوەی ژیان و بیركردنەوە و خولیاو خۆزگە و بیروباوەڕی پێشینانماندا بگەڕێین، زانیاریمان لەو بابەتانەوە دەستبكەوێت، كەواتە(( گرنگی ئەفسانە بۆ رۆژگار و سەردەمی ئێمە لەوەدایە كە دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئێستا ڕابردووی باب و باپیران و پێشینانی تیرەی بەشەر لە شوێن و قۆناغە جیاوازەكانی گێتی و ڕۆژگاردا بخوێنینەوەوە پەی بە بیرو باوەڕ و داب و نەریت و خوو خدەكانیان بەرین و خەون و خەیاڵەكانیان شیتەڵ بكەینەوە و روحی تینوومانی پێ پاراو بكەین)) (كوپف، 2004: 3). لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە ئەفسانە ڕەگێكی لە واقعەوە دەخولقێت، واتە ڕەهەندەكانی واقع هاتونەتە ناو ئەفسانە و ڕەگێكی واقیعیان تێدایە، هاوكات لەگەڵ ئەمەش خەون و خولیاو خەیاڵ هاوبەشی دەكات، چونكە (خەیاڵ) بەشێكی سەرەكییە لە ئەفسانەدا، ئەو پاڵەوانانەی، كە تێیدا بەشداری دەكەن و ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕن، زیاتر (دێو و درنج )ن، واتە پاڵەوانەكانی سەرچاوەیان لەخەیاڵەوە هەڵقوڵاوەو لە واقعیدا بونیان نییە، هێنانە ناوەوەی ئەو جۆرە پاڵەوانانە بۆ ئەوەیە كە كاری نەكردەیان پێ ئەنجام بدەن، كەواتە(( ئامادەبوونی دێویش زۆرتر بۆ دروستكردنی كۆشكی خشتەك لە زێڕی و یەك لە زیوییە، هەندێجاریش بۆ تێكدانیەتی)) (حەسەن، 2007: 423). ئەگەر سەیری ئەفسانە بكەین دەبینین لە ئایین نزیك دەبێتەوە، تەنانەت زۆر كەس هەن، كە تێكەڵی كردون و لێكیان جیاناكاتەوە، ئەگەر سەیری دەقە ئایینیەكان و دەقە ئەدەبییەكان بكەین دەبینین، تاڕادەیەك لە یەكەوە نزیكن و خاڵی لێكچون و خاڵی جیاوازیشیان هەیە، بەڵام ئەگەر لە هەر ریەكێكیان بەجیا بكۆڵینەوە دەبینین، كە بەرچاوترین خاڵی جیاوازی ئەوەیە، كە ئەفسانە زیاتر گرنگی بە خەون و خەیاڵ دەدات و جڵەو شلدەكات بۆ خەیاڵ، هیچ سنورێكی بۆ دانانێت و سنور دەبەزێنێت، بەڵام ئەگەر سەیری ئایین بكەین دەبینین سەرەڕای ئەوەی ئاسمانییە، گرنگی بە ئەقڵ دەدات و سنورێك بۆ خەیاڵ دادەنێت، جگە لەوانە خاڵی هاوبەشیشیان هەیە، لە دەقە ئایینیەكاندا هاتووە، كە ڕوداوێك ڕویداوە لە توانای مرۆڤ بەدەر بووە، مرۆڤ بەرامبەری دەستەوستان بووە، بۆ نمونە نەسوتانی (پێغەمبەر ئیبراهیم) لەناو ئاگردا، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەمووێ ((قُلْنا يا نارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلامًا عَلى إبراهيم (69) وَأَرادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْناهُمُ الأخسرين)) (الانبياء، ئایەتی 69، 70)، یاخود بەسەرهاتی موساو فیرعەون ئەویش لە قورانی پیرۆزدا بەشێوەیەكی روون و ئاشكراو درێژ باس كراوە، خوای گەورە دەفەرموێ(( فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ

فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُواْ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُواْ يَعْرِشُونَ)) (الاعراف، ئایەتی 137). لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەفسانەشدا باس لە ڕوداوی وا دەکرێت، کە مرۆڤ بەرامبەری دەستەوستان دەوەستێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەفسانە پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە. نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەیەکی پابەندبوو بە ئایینەوە لە بەرهەمە ئەفسانەییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە((ئەوەی سەرمایەیەکی گرنگ و لەبن نەهاتووە، ئەو دەقە زۆر و گرنگ و پڕانەیە کە ئەفسانەی کوردی هەیەتی، لەنێو دەقە ئەفسانەییەکاندا پاشماوەی فیکری کۆنترین ئایین تا دەگاتە دوا ئایینی ئاسمانی کە ئیسلامە لەنێو ئەفسانەکاندا هەیە)) ( حەسەن، 2007: 50). هەر لە ڕوانگەی بیروباوەڕی ئایینیدا بڕوای بە هەردوو جیهانی مرۆڤ و جن هەیە، دیارە ئەوەش لەسەر بنەمای بڕوابوونی بە پەیامی خوداوەیە، کە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەتدا باس لەو دوو جیهانە دەکات، وەك لە قورئاندا دەفەرموێ(( وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)) (الذاريات، ئایەتی 56)، دیارە جنۆکەکان شێو و قەبارە و وەسفێکی دیارییکراو جێگیرییان نییە و بە چەندین شێوەی جیاواز دەخرێنەڕوو، هەتا ئەوەی لە دەقە ئایینیەکانیشدا هاتوو بەشێوەی جیاواز لێکدراونەتەوە، چونکە(( ئەم وەسفانەی جنۆکە لە فەرموودەو ڕاڤەکانیدا کراون دەبینین لەناو ئەفسانەی کوردیشدا بەشێوازی جۆراوجۆر ڕەنگیان داوەتەوە)) (کەریم، 2015: 106). هەروەها چەندین بیروباوەڕی خورافی تێکەڵی ئەو بیروباوەڕە ڕاستە بووە، بۆ نموونە پێیانوایە کە جن دەچنە نێو جەستەی مرۆڤ و دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە دووچاری نەخۆشی دەروونی و شێتی ببێتەوە و ژیانی لێ دەشێوێنن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخەش هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن ئەو بوونەوەرانە لە جەستەی ئەو کەسانە دەربکەن و چاکی بکەنەوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا پاداشت وەردەگرن، جا هەندێکیان دۆخەکە دەقۆزنەوە و خەڵکەکە ئیستغلال دەکەن و دەیکەن بە ئامرازی رووتاندنەوەی خەڵکی و خۆدەوڵەمەندکردن، نووسەر لەو بارەوە دەڵێت:((ماڵت وێران بێت تەها چەندجار پێم گوتی سۆفی سەلیم دەڵێ لەسەر بزنێك کوڕەکەتان مەفەوتێنن ئەو جنی هەیە خۆ عەیب نیە جنەکانیش لە خراپەکانن ڕەنگە ڕۆژێك بەتەواوی بیخنکێنن مەلا هاواری حەیزەران لە چاونوقانێکدا چی جن هەیە لەناو جەستەی دەری دەپەڕێنێ و یەك یەك دەیان سوتێنێ و لەدەستیان ڕزگاری دەکا...)) (حەمەد، 2016: 11). دیارە نەتەوەی کوردیش وەك هەموو گەلانی دیکە خاوەن بەرهەمی ئەفسانەییە، هەروەها شوێنەوارناسان لەو بارەیەوە دەڵێن:((لەناو ئەو پەیکەرانەدا یەکێکیان لاقی مرۆڤێکە بەزگماکی نوقستانە، حەوت جۆر گژوگیایان دۆزیوەتەوە، کە ئەو کەسە بۆ چارەسەر بەکاریهێناوە و توخمی گیایەکی ژەهراویشیان تێدایە، کە دەڵێن دوای ئەوەی نەگەیشتۆتە چارەسەر خۆی پێ دەرمانخوارد کردووە )) (کەریم، 2015: 20)، کەواتە دەتوانین بڵێین کوردیش نەتەوەیەکی دێرینە، خاوەن شارستانییە، لە بارەی ئەفسانەوە خاوەنی چەندان بەرهەمی ئەدەبییە، بەڵگە مێژووییەکانیش پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە، هەروەها لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیشدا دەردەکەوێت، لەنێو کوردیشدا باوەڕبون بە گۆڕ و چوون بۆسەر مەرقەد بەڕونی دەبینرێت، کە تاکو ئێستاش لە هەندێك ناوچە ئەم بیروباوەڕە هەرماوە، بۆیە نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر ئەم لایەنەو دەیەوێت پێمان بڵێت، کە تاکو ئێستاش ئەو بیرو باوەڕە ئەفسانەییە کۆنە لەنێو تاکی کورددا ماوە، وەك لە چەند دێڕێکدا نووسەر وێنەی ئەم ڕوداوەمان دێنێتە بەرچاو، لەم بارەیەوە دەڵیت:((لە بیرمە ئەو ژن و پیاوانەی ژانەسەری توندیان دەگرت تیلمەیەك لە شاڵە سەوزەکەی سەر مەرقەدەکەیان دەبڕی و توند لە نێوچەوانیان وەردەپێچا دەستبەجێ ژانیان دەشکاو ئیسراحەتیان دەکرد، باپیرم زۆرجار دەیگوت من بەچاوی خۆم شەوانی تاریك، کە چاوچاوی نەدەبینی نورم بینیوە لەناو مەرقەدەکەیەوە بەرزبۆتەوە و تا چاو بڕ دەکا بەرەو ئاسمان کشاوەو پاشان کوژاوەتەوە)) (حەمەد، 2016: 9). ئەم وتانە تائێستاش لەنێو کورددا ماون و لەهەندێك ناوچە کاري پێدەکرێت، ئەگەر سەیری قەبرستانەکان بکەین دەبینین گۆڕەکان ڕازێندراونەتەوە بە تیلمە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ، هەروەك نووسەریشمان ئاماژەی پێکردووە، خەڵکی بۆ هاتنەدی خەون و حەزو ئارەزوەکانیان ڕودەکەنە ئەو قەبرستانانەو لە گۆڕەکان دەپاڕێنەوە بۆ هاتنەدی حەز و ئارەزوەکانیان، ئەو دیاردەیەش بۆ سەردەمانێکی یەکجار کۆن دەگەڕێتەوە، چونکە هەر ((لە دێر زەمانەوە کورد پەیڕەوی لە هەندێك دابونەریت و خوڕەوشت دەکات، وەك ڕێزلێنان و بە پیرۆز تەماشاکردنی هەندێك دار و گۆڕ و ئەشکەوت و، هەر بۆیە کاتێك یەکێك نەخۆش بوایە یانیش ئافرەتێك کوڕی نەبوایە دەیانبردە لای پیاوچاکێك یان پیرێك بۆ ئەوەی بۆیان بپاڕێتەوە، ئاژەڵێکیان بۆ سەردەبڕی یان شیرینی یانیش نانیان دەکردە خێر، گوایە بە هۆیەوە نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە یان ئافرەتەکە کوڕی دەبێت)) (پەیامنێری دهۆك، 2006: 48). نووسەریشمان لێرەدا دەیەوێت تاکی کوردی لەو خەوە بێئاگاییە بەخەبەری بهێنێت و دەیەوێت بڵێ: بەسە تاکی کورد چیتر قەبر مەپەرستە خەڵکی دەوروبەرت لەوپەڕی پێشکەوتن دان، تۆش تازە لەسەر گۆڕەکان دادەنیشیت و کاتی بەنرخ لەم شوێنەدا بەفیڕۆ دەدەیت، نووسەر ئامانجی بە ئاگاهاتنەوەی تاکی کوردە لە نەزانی و بێئاگایی و دەیەوێت لەو خەوە قووڵە تاك و کۆمەڵی کورد ڕابچڵەکێنێت.

**باسی پێنجەم: ڕەنگدانەوەی هەندێك لە دابونەریتی کوردەواریی**

هەموو گروپ و کۆمەڵ و نەتەوەیەك خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و رەوشتی تایبەت بە خۆیەتی، لەسەر گشت ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە پێویستە لەسەری بڕۆن و پەیڕەوی بکەن، ئەگەر وایکرد ئەوا دەبێتە تاکێکی گونجاو ڕێزگیراو لەلایەن کۆمەڵ، بەڵام ئەگەر هاتوو بە پچەوانەی ئەو داب و دەستوورانە هەڵسوکەوتی کردو رەتی کردنەوە، ئەوا دەبێتە کەسێکی نامۆ و قێزەون لەنێو کۆمەڵەکەیدا، ئەوانەش پێیان دەوترێت داب و نەریت، کەواتە ((مەبەست لە داب و نەریت ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوت و جۆری مامەڵەکردن و پەیوەندی و کەش و تەقسە کۆمەڵایەتییانەیە کە کۆمەڵ لە درێژەی مێژووی خۆیدا بەرهەمی هێناون و وەکو خاسێتی هەرە دیار و سەلمێنەری ئەساڵەتی ئەو کۆمەڵگایە لێیان دەڕوانێت و بەشێوەیەکی گشتی جیاوازن لە داب و نەریتی کۆمەڵگاکانی تر)) (قەرەداغی، 2007: 12،11). ئەگەر سەیری نەتەوەی کوردیش بکەین دەبینین وەك سەرجەم گەلان خاوەن دابونەریت و شارستانییەتی تایبەت بە خۆیەتی، کە ((لە کرۆکی گوزەران و ژینگەو کار و کردەوەکانییەوە هاتۆتە کایەوەو بۆتە قالبێك تێیدا رایەڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنیاتناوە، ژێرخانێك بووە بۆ پێکەوەنانی بارێکی شارستانی و کلتووری تایبەت بە کورد)) (عەبدوڵڵا، 2011: 186). ئەو دابونەریتانەش لە کۆندا وەکو یاساو رێساو ئاراستەی ژیان و گوزەرانیان بەکارهاتوون، هەندێکیان بە تێپەڕبونی زەمەن نەماون و هەندێکیشیان وردە وردە بەرەو نەمان دەچن، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێکیان هەر ماون و کورد شانازیان پێوەدەکات و پارێزگاریان لێدەکات و بەموڵکی خۆی دەزانێت، یەکێك لەو دابونەریتانە جلوبەرگ و پۆشاکی کوردەوارییە، مەبەست لە جلوبەرگ ئەو پۆشاکانەیە، کە پیاو و ژن لەبەریان دەکەن و لە سەریان دەنێن و لە پێیان دەکەن، کەواتە((پۆشاك (جلوبەرگ) بەو کاڵایە دەگوترێت کە بۆ داپۆشینی جەستە بەکاردێت، جا چ چنراو و دووراو بێت، یان سادە و سروشتی، دەسکاریی نەکراو بێت وەك پێستەی ئاژەڵ و گەڵای دار و درەخت)) ( شەوڕۆ، 2017: 9). پۆشاکی کوردەواریی لە ڕوی شێوەو بڕین و شوێنی جوگرافی (شار و گوند) ئاستی خوێندەوار و نەخوێندەوار، جۆراو جۆرن، هەر ناوچەو جلوبەرگێکی تایبەت بەخۆی هەیە، تەنانەت لە ڕێگەی جلوبەرگەوە دەتوانین خەڵکی ناوچەیەك لە ناوچەیەکی دیکە جیا بکەینەوە، ئەگەر سەیری کورد بکەین، لە هەر شوێنێك بێت هەتا دور لە وڵات و شوێنی نیشتەجێبونیشی بێت، دەتوانن بەهۆی جلوبەرگیانەوە یکدی بناسنەوە، نووسەر بۆ ناسینەوەی کارەکتەرێکی لە لایەن کارەکتەرێکی دیکەوە ئەو شێوازەی پەیڕەو کردووە، کە بەهۆی جلوبەرگ و شێوەزارەکەی دەزانێت دانیشتووی رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکو دانیشتووی باشووری کوردستانە، کە دەڵێت: ((من خۆشحاڵترم کاك عەلی، بە قسە و لیباست بێ خەڵکی ئەو دیوی سنووری؟)) (حەمەد، 2016: 66). دیارە جلوبەرگی هەردوو رەگەزیش جیاوازن، چونکە ئەو جلوبەرگانەی پیاوان و ژنان دەیپۆشن، هەریەکەو تایبەتە بەخۆی، چونکە(( زۆر لە مێژە لە نێو زۆربەی نەتەوەکاندا، جلوبەرگی نێر و مێ لێك جوداکراونەتەوە، تەنانەت بۆ منداڵی کوڕ و کچیش)) (شەوڕۆ، 2017: 13). ئەو پۆشاکانەی لەنێو کوردا پیاوان دەیپۆشن زیاتر لە جۆری (کورتەك و شەرواڵ)ە، کە لە چەند جۆرێك پێکهاتووە، وەك: مراد خانی، ستار خانی، ڕانك و چۆغەڵ...هتد. ئەمانە زۆر باوبونە، هەروەها کڵاو و جەمەدانیشیان لەسەر کردووە، پشتێنیشیان لە پشت بەستووە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێڵا و یان کڵاشیان لەپێ کردووە، هەندێك جاریش بۆ خۆپاراستن لە سەرمای زستان و پایزان (کوڵەباڵ)یان بەکارهێناوە، سەبارەت بە ژنانیش (کراس و کەوێ) یاخود سەڵتەو هێلەگیان بەکارهێناوە، هەروەها سەرپۆشی هەوریان بەکارهێناوە، لەگەڵ (تاس) بۆ ڕازاندنەوە و جوانی بەکاریانهێناوە، گەلی کورد هەوڵیداوە پارێزگاری لە جلوبەرگەکەی بکات، هەر چەندە بەتێپەڕبونی کات هەندێك گۆڕانکاریی بەسەر شێوەی دوورینی جلوبەرگەکاندا هاتووە، بەڵام مۆرکی کوردەواریان پێوەدیارە ئەو جلوبەرگانەش لە پێستەو خوری و مووی ئاژەڵەکانی دروستکردووە، کە ئەمانەش خۆی لە بواری کلتووری مادیدا دەبینێتەوە، نووسەر ئەمانەش فەرامۆش نەکردووە و لەنێو باس و خواسە کلتوورییەکان جێگای کردوونەتەوە بەم شێوەیە باسی کردوون ((گەنجێکی سەرو بیست ساڵەی سەرو ڕیش هاتوو بوو رانك و چۆغەیەکی بۆرو چڵکنی لەبەردابوو لە بەشی خواریشەوە لە پشت پێڵاوەکانیەوە تا خوار ئەژنۆکانی گۆریەو پوزەوانەی لێ هەڵکێشا بوو)) (حەمەد، 2016: 112)، لێرەدا نووسەر هەستاوە بە خستنەڕووی شێوە و روخسار و رەهەندی دەرەوەی کارەکتەرەکەی، چونکە یەکێك لە رەهەندەکانی کارەکتەر کە پێویستە لەسەر نووسەر بیخاتەڕوو رەهەندی دەرەوەیەتی، دیارە نووسەری رۆمانەکەی ئێمەش ئەو لایەنەی بەجوانی خستۆتەڕوو، کاتێ ئەو وەسفە دەخوێنیتەوە وێنەی کارەکتەرەکەت بەجوانی دێتە پێش چاو و بەرجەستە دەبێت، کە بەپێی داب و نەریتی کوردەواریی بە پۆشاکێکی کلتووری وێنای کردووە.

یەکێکی دیکە لەو دابونەریتانەی کە لەنێو کوردەواریدا باوبووە، ژن و ژنخوازیی بووە، مرۆڤ بە سروشتی خۆی کەسێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بە تەنیاو دور لە کۆمەڵگە بژیێت، پێویستی بە کەسانی دیکە هەیە لەگەڵی بژین، پرۆسەی هاوسەرگیری

دەبێتە هۆی پێکهێنانی خێزانێکی نوێ و دروستبونی منداڵ، دەبێتـە هـۆی پێکـەوەژیان، جگـە لەمانـە هاوسـەرگیری جێبـەجێکردنی ئـەرکێکی ئایینییـە، لەلایـەکی دیکەشـەوە دەبێتـە هـۆی زۆربـونی تاکـەکانی کۆمەڵگـە، بێگومـان لـەنێو کوردیشـدا ئـەم پرۆسـەیە جێبەجێکراوە، لەنێوان بنەماڵەکاندا ژنهێنان و بەشودان هەبووە، ئەم پرۆسەیە بەچەند شێوەو رێگایەك جێبەجێکراوە، وەك: گەورە بە بچوك، بنپشك، ژنبەژنێ...هتد. ئەوانە ئەو شێوازانە بوون، کە لە کۆندا لەکاتی ژن و ژنخوازیدا پەیڕەوکراون، واتە ئەگەر لە کۆندا دوو بنەماڵە بیانویستایە خزمایەتی بکەن مەبەست لە خزمایەتی ژن و ژنخوازییە، ئەگـەر بنەماڵـیەك کچەکـەی خـۆی بـە شـوبدابایە دەبوو لە شوێن کچەکەی خۆیان بنپشکێکیان بۆ کوڕەکەیان وەربگرتبایە، بنپشك، وەرگرتنی کچێك بوو لە شوێن کچەکەی خۆیان، بێ ڕەزامەندی کچەکە خۆی، تەنانەت جاری واش هەبووە، ئەوەی کراوە بە بنپشك لەسەر بێشکەدا بووە، لە کوڕەکـەیان مـارەکردووە، کە کچەکە گەورە دەبوو دەیاندا بەو کوڕەی، کە بە منداڵی لێی مارەکرابوو، بێ ڕەزامەندی خۆی و بەزۆرداری داویانە بەشـوو، لـەم بارەیەوە نووسەر تیشکی خستووەتە سەریی، بە ئامانجی ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە کلتوورو دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردەواریی لـە کۆندا، نووسەر لەچەند دێڕێکدا دەڵێت: ((پورە خاتون وەك درامایەکی تراژیدی هاتەوە بەرچاوی چۆن مەولود گاشەی برای ئافتاوی خوشکی مام تەهای بێ بن کردبوو، پاشان وردە وردە کە سکی بەرز ببۆوە و زانیبووی هەستیان پێ کردووە ئافتاویش بۆ مـەولودی برای چووبووە ماڵی کوێخا برایمی گرێنتی هەر ئەوشەوە پاش کەمێك بێنەو بگرەی هەردوو بنەماڵـەکان ئیختیـارو ڕدێـن سـپییەکانی ئاوایی بە ئەمیرایەتی کوێخا برایمی گرێنتی کۆببونەوەو درەنگانێکی شەو ڕێککەوتبوون هەر ئەو شەوە ئافتاویان لە مـەولود گاشـەی برای مارەکردبوو، بۆ بەیانی ئەویشیان بەزەبری خەنجەر لە مام تەها، کە پانزە ساڵ لەخۆی گـەورەتر بـوو مـارەکردبوو )) (حەمـەد، 2016: 14، 15)، یاخود ئەگەر کوڕ و کچێك یەکتریان خۆشویستبا ئەوا بۆیان نەبوو بە ئاشکرا دەری بڕن، دەبوو بەنهێنی بیهێڵنەوە، تاکو کوڕەکە دەینارده خوازبێنی، ئەگەر بنەماڵەی کچەکە ڕازی بونایە، ئەوا کچەکەی خۆیانیان دەدایێ، ئەگـەر نـا کوڕەکـە کچەکـەی هەڵدەگرت و کچەکەش بەدووی دەکەوت، تاماوەیەك خۆیان ون دەکرد، دواتر کۆمەڵێك لە پیاو ماقوڵان و ڕدێن سپییان دەنارد تاکو مەسڵەتی بکەن، ئەم دووژمنداریيەیان لەنێوان نەمێنێت، هەندێکجار ڕازی دەبون و ئاشت دەبونەوە، هەندێکجاریش ئەگەر بـاوك سالاری لەو بنەماڵەیەدا بونی هەبوایە، کچەکەی خۆیان دەکوشت، بەو مانایـەی شـەڕەفی خۆیـان پاکبکەنـەوە، ئـەو ڕوداوانـە وەك دیاردە لەنێو کورددا باو بونەو کاریان پێکراوە، مێژووش ئەمانەی سەلماندووە، بەڵام تـا ڕادەیـەك ئـەو دیاردانـە بـەرەو کەمبونـەوە چوون، تەنیا لە هەندێك ناوچەدا ماوە، نووسـەر لـەڕێگای گێڕانـەوەی بەسـەرهاتێك ئـەم ڕوداوە ڕوندەکاتـەوە و دەڵێـت:((عوزێر دەسگیرانی مهتاب کوڕخاڵی خۆی بوو لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لێی مارەکرابوو، باوکی مەهتاب پاش ئەوەی دایکی بـێ داواکـردن و مارەکردن هەڵگرتبوو بۆ ماوەی شەش ساڵ خۆی لە شارێکی دووردا ونکردبوو دوای گەڕانەوە پاش دەمەقاڵێەکی زۆر کۆمەڵێك لـە خزمانی ڕیش سپی ناودار بەو مەرجە ڕێکیان خستبونەوە کە کچە تەمەن پێنج ساڵانەکەی خۆیان لە عوزێری کوڕە خاڵی مارە بکـەن، کە سێ ساڵ لەتەمەنی ئـەو گـەورەتر بـوو )) (حەمـەد، 2016: 134). نووسـەری ڕۆمـانی (گیـانی مـن هاتییـەوە) نمونـەی خێزانێکـی سەردەمانی کـۆنی نـاو کۆمەڵگـەی کوردەواریمـان پیشـاندەدات، کـە چـۆن کچیـان بەشـو داوە، هـەروەها بۆمـان ڕوندەکاتـەوە بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان خێزانـەکان کچـەکانیان وەك کەرەسـتەیەك بـەکارهێناوە، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نێوانیـان، واتـە نووسەرمان دەیەوێت ئەوەمان بۆ روونبکاتەوە، کە چۆن ژیانی کچـەکانیان کـردووە بـەقوربانی، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نێـوان خێزانەکان، بێگوێدانە مافی تایبەتی کچەکان، لە کۆتایدا ژیانی ئەو کچانە بە کوێ دەگات و چیان لێ بەسەر دێت گرنگ نییە، گرنـگ ئەوەیە کێشەو ناکۆکی نێوان خێزانەکانیان چارەسەر بکەن، ناکۆکیان لەنێواندا نەبێت، هەروەها نووسەر دەیەوێت باس لەو کلتوورە بکات، کە لەپێشدا لەنێو کورددا باو بوونە، کە کچەکانیان داوە بە پیاوێـك چەنـدین سـاڵ لـە خـۆی گـەورەتر بـووە، لـەپێناو پـارەو سەروەتی دنیا، نووسەر نایەوێت لە کەسایەتی کورد کەم بکاتەوە، بەڵام بمانـەوێت و نەمانـەوێت ئـەوە کۆمـەڵێك دابونـەریتی نێـو کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ژیانی ڕابردووی نەتەوەکەمانە، نووسەر ڕاشکاوانە باسـی لـەو دابونەریتانـە کـردووە، خسـونەتیەڕوو، بـۆ ئاشناکردنی نەوەی نۆێ بـە دابونـەریتی نەتەوەکـەی لـەڕابردوودا، چونکـە ئـەوە بەشـێك بـووە لـە ژیـانی کۆمـەڵی کـوردەواریی لـە رابردوودا، نابێت بە چاك و خراب ، بە رووی گەش و قێزەونییەوە چاوی لێ بپۆشرێت، بەڵکو دەبێت نووسـەران و هونەرمەنـدان و مێژوونووسـان لـەنێو بابەتەکانیانـدا تـەوزیفی بکـەن، بـۆ ئـەوەی رووە گـەش و ئـەرێنییـەکانی پەرەپێبـدەین و رووە ناشـیرین و نەرێنییەکانیش ببن بە دەرس و عیبرت و لێیان دوور بکەوینەوە، چونکە ئەوانە دیاردە و دەردێکی کۆمەڵایەتی کوشـندەی بـەربڵاو و باو بوون((لە سایەی رژێمی دەرەبەگایەتی پەنجاو شەستەکان و بەدواوەو، بەزۆر بەشوودانی کچ و شیربایی و نـەبوونی سەربەسـتی ئافرەت، لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیدا لە ئەدەبی کوردی بە شیعر و چیرۆکییەو رەنگیداوەتەوە)) (حوسێن، 2010: 68). یـەکێکی دیکە لەو دابونەرتە ناشیرنانەی لـەناو کۆمـەڵ و نەتـەوەکان بەگشـتی و نەتـەوەی کـورد بەتایبـەتی ئامـادەیی هـەبووە نـەریتی پیـاو سالارییە، کە لەنێو زۆربەی بنەماڵەو خێزانەکاندا ئامادەیی هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو بـیرو بـاوەڕە کۆنەپەرستییەی، کـە

پێش هاتنی ئایینی ئیسلام لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەبووە، کاتێك خێزانێك منداڵێکی کچیان دەبوو، ئەوە بەپێی بیرو باوەڕی ئەوان هاتنی کچ بۆ نێو خێزانەکەیان، دەبووە مایەی غەم و پەژارە، هەروەها لای کەس باسیان نەدەکرد، چونکە پێیان وابوو، شەرمەزار دەبن بە هاتنە دونیای منالّی کچ بۆ ێاو خێزانەکانیان، هەر بۆیە بەچاوی زیندوو منالەکەیان زیندەبەچاڵ دەکرد، بەشێوەیەکی دڕندانە دوور لە ڕەفتاری مرۆڤان، قورئانی پیرۆزیش لە سورەتی (التکویر) ئایەتی (7، 8، 9)دا ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر سەیری ڕۆمانی( گیانی من هاتییەوە)ش بکەین، دەبینین بە شێوەیەکی بەرچاو باسی لەو خێزانانە کردووە، کە پیاوسالاری تێیدا باڵادەست بووە، نووسەر باس لەو نەهامەتیانە دەکات، کە لەلایەن باوك و براکانیانەوە بەسەر ئافرەتەکان هاتووە، هەمیشە بەچاوی سوك سەیرکراون، هەروەها نووسەر باس لەوە دەکات، کە چۆن کچ و ژنەکانیان لاقە کردووە و لێدان بووە بە پیشەی سەرەکی لەنێو ئەو خێزانانەی، کە پیاوسالاری تێیدا باڵادەست بووە، نووسەر لەڕێگەی گێڕانەوەی ژیانی خێزانێك نەهامەتییەکانمان دەخاتە بەرچاو، نووسەر بەم شێوەیە باس لەبنەماڵەی (ڕەحمان شینە) دەکات و دەڵێت:((ڕۆژێك لەسەر سفرەی نان خواردنی ئێوارە ئاوازی هاوسەری بەس ئەوەندەی گووت پیاوەکە قوڕبەسەرو داماوی وەك ئێمە دوژمنمان لەکوێ بوو تا بە هەبون و نەبونمان شەق بەرێ ئەو ماڵ و منداڵە گوناهیان چیە لەپێناو بەربەرەکانێ خەڵك بفەوتێن؟ ڕەحمان شینە قاپە شیوەکەی بەردەمی ڕاهاڵاندێ و قاپەکە بەرچاوی چەپی کەوت و لەگەڵ یەکەم هاوار و زریکەی بەپشتدا کەوت و بورایەوە پاش نزیکەی زیاتر لە دە خولەك، کە هاتەوە هۆش خۆی چاوی هێندەی هێلکەی قازێك ئەستوور ببوو، بەتەواوی گۆشەی چاوی داپۆشی بوو )) (حەمەد، 2016: 139). لێرەدا لە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی ئەم خێزانەوە نووسەر دەیەوێت بڵێت، ئەمە نموونەی مشتێکە لەخەرمانێك، ناتوانرێت سەرجەم نەهامەتییەکان لە چەند پەڕەگرافێکدا باس بکرێن، لەم نموونەیەدا نووسەر ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە، کە پێشتر لەنێو کوردەواریدا ئافرەت بۆی نەبووە قسە لە قسەی گەورەی ماڵدا بکات، کە پیاوە، ئەرکی ئافرەت تەنیا کاری بەخێوکردنی منداڵ و پاکوخاوێن ڕاگرتنی ماڵە، خۆشبەختانە لە سەردەمی ئێستادا ئەم دیاردانە تا ڕادەیەك کەمبونەتەوە، بەڵام تاکو ئێستاش لەنێو هەندێك خێزاندا هەر ماوە، نووسەر بۆیە جەختی لەسەر ئەم دیاریدەیە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەم دیاریدەیە لەنێو خێزانەکاندا نەمێنێت و کۆتایی پێ بهێنرێت، هەر بنەماڵەیەك لەنێو خێزانەکەی خۆیەوە دەستپێبکات تا بەتەواوی ئاسەواری پیاوسالاری لەنێو خێزانی کوردیدا نەمێنێت و بنبڕ ببێت، پیاو و ژن هاوشێوەی یەك بن لە ئەرك و مافدا.

بابەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە خۆشەویستییەکی بەئاکام نەگەیوی نێوان کوڕ و کچێکی لادێ، کە بەهۆی داب و نەریتی باوی سەردەم نەیان توانیوە ئەو ڕاز و نیازەی نێو دڵیان بە کەسوکاریان بڵێن و بەشێوەیەکی ئاسایی و ئازادانە بە یەکدی بگەن، چونکە ئەگەر کەسوکاریان بەو کارە بزانن ئەوا بێ سێ و دوو کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن و لەناویان دەبەن، هەروەك نووسەری ڕۆمانەکە بەمشێوەیە باسی کردووە و دەڵێت: ((ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین خۆشەویستی باوك بۆ کچەکەی هەرچەندە بێسنوور بێ یان برا بۆ خوشکەکەی چی کەمتر نەبێ، لەبەرامبەر خۆشەویستی کوڕێکدا لەنێوی دەبەن و مردن بۆ ئەو بەباشترین خەڵات دەزانن. تا هەموو ئەو نەریتە قێزەون و کارەساتبارانەی نێو کۆمەڵگا لە پیرۆزی دانەماڵدرێن و بەهاکانی مرۆڤایەتی وەك خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت تاکەکانی کۆمەڵ ناتوانن بەشێوەیەکی لە بەختەوەریدا بژین)) (حەمەد،2017: 141)، بەمشێوەیە ئەو دوو کارەکتەرە ئاشقەی نێو رۆمانەکەمان هەموو ئەو راز و نیاز و خۆشەویستییەیان دەشارنەوە و ناتوانن لای کەسوکاریان بیدرکێنن، چونکە باش دەزانن کە ئەگەر باسی بکەن ئەوا دواڕۆژیان وێران و تاریك دەبێت، لەبەرئەوەی هەڵبژاردە و چارەنووسیان لە دەستی خۆیاندا نییە، بەڵکو لەدەستی گەورەکان و باوك براکانیان دایە، خۆ ئەگەر ئەوەی ئەوان بۆی هەڵدەبژێرن ڕەتی بکەنەوە ئەوا ئەنجامی بەم شێوەیە دەبێت، کە نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت:(( ڕەحمان شینە کە تەواوێك لێیان دوور کەوتبۆوە بەڕاکردن گەیشتەوە سەری و چەناگەی توند لەنێو دەستی خۆیگرت، بەحاڵ دەموچاوی لەنێو دەستە گەورەکانیدا دیاربوو لەگەڵ ئەوەی کە لەتووڕیدا غەرق ببوو هاواری کرد خانم دیارە ژنەکەی لە شەریفیان رۆیشتوە؟ دەڵەقۆڕی بێئابڕو ئاخرنا ئەویش دایکێکی وەك تۆ وڵاخی هەبووە پەروەردەی کردووەو ڕێنیشاندەری بووە دیارە کەتۆش بێ ئابڕوییەکی وات لەژێر سەر دایە، ئەی هاوار بە ماڵت ئەگەر هەست بەبێ ئابڕوییەکتان بکەم. پاشان هەر بەو دەستەی کە لە دەم و چەناگەی گیرکردبوو هەڵی داو چەند مەترێك لەدوور خۆیەوە پشتاوپشت کەوتە سەر زەوی)) (حەمەد، 2017: 148، 149). وەك دەر دەکەوێت ئەوە کاردانەوەی باوکە بەرامبەر داواکردنێکی سەرەتایی دایکێك بۆ کچەکەی، کە داوادەکات کچەکەی نەدات بە کەسێکی لەخۆی گەورەتر و خاوەن پێشینەیەکی خراب، لەهەمان کاتدا کچەکەشی حەزناکات و خۆشی ناوێت، بەڵام ئەوە ئەنجامی ئەو داوا ئاسایی و نەرم و بەسۆزە بوو، ئەی ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە ڕەتیان بکردایەتەوە و بیان گوتبا بۆیە ناتوانێ شووی پێبکات، چونکە کەسێکی دیکەی خۆشدەوێت، دەبێ چییا لێ کرابا و چارەنووسیان چی بوایە. هەر ئەو داب و نەریت و کلتوورە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو دوو خۆشەویستە دواڕۆژێکی ڕەش چاوەڕێیان بکات و سەریان تێدا بچێ و نەگەن بە ئامانجەکانیان لەو پێناوەشدا سەربنێنەوە.

لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە پابەندی ئایین بووە، بۆیە دابونەریتە دینییەکان لەنێو کەلتوورەکەیدا رەنگیداوەتـەوە، یەکێك لەو دابونەریتە ئایینیانەش مەولود خوێندنەوەیە، هەرکاتێك رووبەڕووی کارەسات و دۆخێکی ناخۆش دەبێت پەنا بـۆ خێـر و سەدەقە دەبات، بۆ ئەوەی لەو هەڵوێستە ناخۆشە رزگاری بێت، بۆ نموونە نووسەر لەو بارەوە دەڵێت ((ئەو بەیانیەی عەلي بارانیان گواستەوە بۆ ماڵی خۆیان مـام تـەها بـۆ نـانی ئێـوارە دوو مـەڕی قەڵـەوی کوشـتەوە و تـەواوی خـەڵکی ئـاوایی بـەژن و منداڵـەوە بانگهێشـت کـردو مـەولودێکی گـەورەی بـە مـەلا هـاواری حـەیزەران خوێنـدەوە...)) (حەمـەد، 2016: 136137). ئـەو مـەولود خوێندنەوەیەی باوکی عەلی باران، کە کارەکتەری سەرەکیی رۆمانەکەیە، بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە عـەلی لـە سـەفەرێکی نادیـار کـە ماوەیەك بوو بێسەروشوێن بوو گەڕاوەتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی خوا لەو نەخۆشییەی دووچاری بووە شیفای بەخێری بۆ بنێرێت.

**ئەنجام**

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. بەشـێوەیەکی گشـتی داب و نـەریت لـەم ڕۆمانـەدا باڵادەسـتە، ڕەنگدانـەوەی واقعـی کۆمەڵگـەی کوردەوارییـە، وەك: (ژنبەژنێ، بەدوکەوتن، نوشتەکردن...هتد).
2. لەم ڕۆمانەدا پەندی پێشینان و گاڵتەوگەپ و ئەفسانە و خورافە بەکارهاتوون، کە بەشێکن لە فۆلکلۆری کوردی، نووسەر سودی لێوەرگرتوون و لەناو ڕۆمانەکەدا مەزراندوونی.
3. ڕوداوی مێژویی و شوێنی مێژویی کوردیی لـەم ڕۆمانـەدا بـەکار هـاتووە، نووسـەر سـودی لـە ڕوداو و شـوێنی مێژوویـی کوردیی وەرگرتووە و لەگەڵ ڕوداوی ناو ڕۆمانەکەدا ئاوێتەی کردوون.
4. نووسەری ڕۆمانی (گیانی من هاتییەوە) باسی لە چەوساندنەوەی ئافرەت کردوە لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە، کە پیـاوە، لە ڕێگای گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی دووبنەماڵە باسی لـە نەهامەتییـەکانی ڕەگـەزی مێ کردووە.هـەروەها پیاوسـالاری لەناو ئەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگیداوەتەوە
5. لەناو ئەم ڕۆمانەدا باس لەهەندێك کەلەپووری ماددی کراوە، کە لە کۆندا کورد بەکاریهێناوە، نووسەر باسی لێوەکردوە، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنابکات بە کەلەپوری کۆنی نەتەوەکەمان.

**سەرچاوەکان**


**1.** قورئانی پیرۆز

**کوردییەکان**

**کتێب**

2. ابراهیم، نبیلە، 1986، ئەفسانە، و. محمەد بەدری، مطبعة علاء، بغداد.
3. ئەحمەد، جەبار قادر، 2015، کولتوور و سیاسەت، چاپخانەی پەنجەرە.
4. ئەلوەنی، نەجم خالید، 2007، ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، چاپخانەی دارا، هەولێر.
5. ئیسماعیل، سەباح، 2009، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای ئاراس، هەولێر.
6. باڵەکی، یادگار رسول، 2005، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، چا. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
7. تراویك، بوکنەر.ب، 2008، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، و.حەمە کریم عارف، دەزگای موکریان، چا.خانی، دهۆك.
8. گحەسەن، ابراهیم، 2012، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.
9. حەسەن، مەولود ئیبراهیم، 2007، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چا. رەنج، سلێمانی.
10. حەمەد، بەڵێن تۆفیق، 2016، (گیانی من هاتییەوە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
11. حوسێن، هیمداد، 2010، رۆژنامەوانی کوردی، ب1، دەزگای ئاراس، هەولێر.
12. خەیات، ئاری عوسـمان، 2011، بنیـاتی رووداو لـە رۆمـانی (پاشـایان کوشـت)ی (خـوسرەو جـاف) و (پـێش ئـەوەی واشـەکە هـەڵفرێت)ی (عەبـدولخالق رکابی)دا، چا. نارین.
13. رەشید، سابیر، 2005، چیرۆکی کوردی، چا. رۆشنبیریی، هەولێر.
14. شفا، شجاع الدین، 2005، ئەفسانەی خواکان، و.عومەر رەسول خدر، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.
15. شەورۆ، فازیل، 2017، پۆشاکی کۆیبان (1900-2016)،
16. عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا رەحمان، 2011، شیعری شانۆی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، چا. حاجی هاشم.
17. علی، عمر شێخ اللە، 1980، پەندی کوردی، دەزگای رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی.
18. قەرەداغی، عەتا، 2007، کاریگەریی کولتووری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چا. روون.
19. کەریم، تۆفیق، 2015، کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
20. کوردۆ، محەمەد، 2009، جوانی و جیاوازی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چا. بینایی.

21. کوردی، گۆران، 2013، کلتوور و زمان، چا. گرافیك، سلێمانی.
22. کۆمەڵێك نووسەر، 2008، رۆمان چییە؟، و. هەژار رەحیمیی ، دەزگای موکریان، چا. خانی، دهۆك.
23. کوپف، گریس.هـ، 2004، ئەفسانەی گریکی و ڕۆمانی، و.حەمەکەریم عارف، چا. شڤان، سلێمانی.
24. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن، 2004، وێنەی هونەریی لە شیعری کوردی دا، چا. سەردەم سلێمانی.
25. لەیلان، شەفیقە علی حسێن، 2010، قەڵا دێرینەکانی کوردستان، بەرگی چوارەم، چا. روون، سلێمانی.
26. محەممەد، میران جەلال، 2009، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چا. رەنج، سلێمانی.
27. محەمەد ساڵح، تانیا ئەسعەد، 2011، بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا، چا. سەردەم، سلێمانی.
28. موکری، کامەران، 1984، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چا زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
29. مەندەلاوی، محمد محمود، 2009، مێژووی شارستانیەتی کورد.
30. مونیف، عەبدولڕەحمان، 206، تیشکێك بۆ سەر رۆمان، شیرین.ك، چا سەردەم، سلێمانی.
31. میران، رشاد، 2009، ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئێتنیکی کورد، چا. ئاراس، هەولێر.
32. هارتمان، گیرترود، 2009، بنیاتنەرانی دنیای دێرین، و.یادگار حەمە غەریب، چا. خانی، دهۆك.

**گۆڤار**

33. پەیامنێری دهۆك، 2006، جۆلانەی بادۆما لە دەڤەری دهۆك، گ. مێرگ، ژ(16).
34. عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا رەحمان، 2009، تەکنیك لە رۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك، گ. مێرگ، ژ(146).
35. فەلاحی، ژوان، 1393، توێژینەوەیەك لەبارەی ئەدەبی زارەکی و خەسڵەتەکانی، گ. هایا، ژ(6).
36. قادر، رێبین خەلیل، 2011، میتۆدی رەخنەی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، گ. رامان، ژ(156).

**عەرەبی**

37. صیداوي، رفیف رضا، 2008، الروایة العربیة بین الواقع والتخیل، دار الفارابي- بیروت.
38. مانغرید، بان، 2011، علم السرد، ت.اماني ابو رحمة، دار نینوی للدراسات والنشر والتوزیع.
39. هرمز، صباح، 2003، المسرح الکوردي في ثلاثة عقود، مط. وزاره التربیة، اربیل.

**نامەی ئەکادیمی**

40. ابراهیم، سەرکەوت عمر، 2008، ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی(حسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.

**ملخص**

یعد التراث من أهم المجالات الاجتماعیة في المجتمع البشري، وهذا التراث مکتسب لدی الانسان، واصبح فیما بعد هویته. ولکي نصلع علی ما قام به الانسان من تصور وازدهار و رقي، و مدی انعکاس من هذا التراث علی المجتمعات الانسانیة و تأثیره علیها، ارتأی الباحث دراسة التراث من شتی جوانبه. استطاع الکتاب والشعراء والمؤرخون أن ینهلوا من هذا التراث العتیق، وقاموا بتوصیفه في کتاباتهم و موضوعاتهم و أعمالهم الادبیة والفنیه، وعند الوقوف علی الروایة المدروسة من هذا البحث نلخص وبشکل واضح أنها وظفت التراث فیها توظیفا ادبیا و فنیا، مما أظفی علیها صبغه فنیة و رونقا ادبیا.

البحث یحتضن في طیاتة فصلین، الفصل الاول متعلق بالتراث و المجتمع والادب، وینقسم علی أربعة مباحث، المبحث الاول مصطلح التراث و تعریفه، والمبحث الثاني بزوغ التراث في المراحل التاریخیة، والمبحث الثالث یتضمن انعکاس التراث علی الادب عموما و علی الروایة علی وجه الخصوص، والمبحث الرابع یتطرق الی أهمة التراث الکوردي.

أما الفصل الثاني الموسوم بانعکاس التراث في روایة (عدتي یا روحي)، فینقسم علی خمة مباحث، المبحث الاول یتطرق الی انعکاس التراث المادي، والمبحث الثاني یتحدث عن الحدث والمکان التأرخي، والمبحث الثالث یتناول انعکاس الامثال و الحکایات الشعبیة و السخریة، والمبحث الرابع یدرس انعکاس الاساطیر والخرافة، و مایتعلق بالمبحث الخامس فقد تمت فیه دراسة انعکاس العادات و التقالید الکوردیة.

وفي الختام تم عرض أهم النتائج، والمصادر التي تمت الاستعانة بها في البحث.

**Abstract**

Culture is one of the most important and noticeable aspects of human society that has been obtained since the early history of humanity on this planet. This culture has become his identity and feature in general in order to know what he has done، how he has progressed and how his life has developed. More specifically، this culture has had its own reflection and influence on each human society so as to know the role of each of them separately and by this differentiate between them and know their value. This culture has helped writers and historians a lot and they have employed it in their genres and writings. The novel that we have worked on is one of the examples that has noticeably made use of culture and within its elements، this subject has been employed and as a result، it has given a special flavor to it.

The content of this study has been divided into two main chapters. The first chapter is about culture، society and literature which consists of four sections which are:the concept and definition of culture، the emergence of culture in the stages of human history، the reflection of theculture in literature in general and novel in particular، and the value and importance of Kurdish culture. The second chapter is about the reflection of culture in the novel entitled “Gyani Mn Hatytewe” “My Dear، You Came Back” and falls into five sections which are: the reflection of materialistic culture، historical sites and events، the reflection of proverbs، folktale and humor، the reflection of myth and superstition، and the reflection of some Kurdish traditions. Finally، the most important conclusions and a list of references have been given.